### یەکەم: سیاسەتی گشتی لە چوارچێوەی گشتی

مەبەست لە ئەرکەکانی سیاسەتی گشتی لە چوارچێوەی گشتی دا ئەوەیە کە بوارەکانی سیاسەتی گشتی زیاتر لە بوارێک دەگرنە خۆ ئەمە لە لایەک، لەلایەکی تر سیاسەتی گشتی جۆرێک لە فرەیی و هەمە چەشنیان تێدایە، چونکە ئەم بوارانەی کە حکومەت گرنگی پێدەدات هەمە جۆرن و زیاتر لە کەرتێک دەگرنە خۆیان وەکو بوارە (ئابورییەکان، سیاسەتی دەرەوە، کلتورییەکان... هتد) هەروەها دارێژەرانی سیاسەتی گشتیش زیاتر لە ئاستێك دان ئەمە وایکردووە کە ئێمە لەبەردەم زیاتر لە سیاسەتێکی گشتی دابین. لەم ئاستەدا سیاسەتی گشتی بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا دابەش دەکەین:

1 - سیاسەتە گشتییە هەمووەکییەکان Macro Policy

ئەمەش ئەو جۆرە سیاسەتانەیە کە جێگای گرنگی پێدانی بەشێکی زۆری چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگان، بەو مانایەی کە لەکاتی دارشتنی ئەم سیاسەتانە سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و لەبەر ئەوەی ئەو پرسە گشتیانەی کە چارەسەری دەکات پەیوەندی بەبەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگاوە هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە زۆربەی دەزگا سەرەکیەکانی حکومەت تێیدا بەشدارن وەکو (دەسەڵاتی یاسادانان، دەزگاکانی حکومەت، پارتە سیاسییەکان، گروپەکانی فشار و بەرژەوەندی)، هەموویان بەشدارن لە دارشتنی سیاسەتی گشتی واتە هەندێک جاریش پرسەکان گشتی نین بەڵام بەهۆی تەشەنەکردنی کێشەکان ڕەهەندێکی گشتی وەردەگرن هەروەکی جەنگی ڤێتنام ١٩٥٥-١٩٧٥ ، هەروەها کێشەی (مۆنیکا لوینسکی و کلنتۆن) یاخود کێشەی پیسبوونی ئاو لە ئەردەن لە ساڵی ١٩٨٨، یاخود کێشەی بێکاری لاوان لە هەرێمی کوردستان.

**<u>ئەم جۆرە سیاسەتانە کۆمەڵێک خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە:</u>**

1 - بابەتی ئەم سیاسەتە گشتیانە ڕوون و ئاشکرایە و بە ئاسانی دەتوانرێت توێژینەوەی لەسەر بکرێت.

2 - بەشداریکردنی زۆرێک لەلایەنە فەرمییەکانی حکومەت لەم سیاسەتانەدا، هەروەها لە گفتوگۆکردنی ئەم سیاسەتەدا.

3 - ئەم جۆرە سیاسەتانە پێویستیان بە بەشداریکردنی سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی کۆمار هەیە، چونکە ئەو کێشەیەی کە لە ئارادایە کاریگەری هەیە لەسەر بەرژەوەندی گشتی.

4 - ئەم جۆرە سیاسەتە گشتیانە پێویستیان بە جۆرێک هاوسەنگی هەیە لە نێوان هەڵبژاردە گشتییەکان Public Choice کە گوزارشت لە ڕای زۆرینەی خەڵك دەکات لەگەڵ هەڵبژاردە سیاسییەکان Political Choice کە گوزارشت لە ڕای داڕێژەرانی بڕیارە سیاسییەکان دەکات.

## 2 - سیاسەتی گشتی بەشەکی

ئەم جۆرە سیاسەتە گشتییانە جێگای بایەخ پێدانیان سنووردارە لە لایەن کۆمەڵگاوە، بەو مانایەی ئەم جۆرە سیاسەتانە جێگای گرنگی پێدانی گشت چین و توێژەکان نین، بەڵکو زیاتر گوزارشت لە بەدیهێنانی دەسکەوت یان بەرژەوەندی توێژێک یان چینێکی تایبەت دەکەن، کە پەیوەستە بە کەرتێکی تایبەتی کۆمەڵگا بۆ نموونە " لێخۆشبوونی حکومەت لە باج لە کۆمپانیایەکی بیانی لە ماوەیەکی دیاریکراودا، یاخود لێخۆشبوون لە وەبەرهێنەرێکی بیانی بۆ ماوەیەکی کاتی، لەو حاڵەتەدا سیاسەتی گشتی جێگای گرنگی پێدانی گشت کۆمەڵگا نین، چونکە تایبەتن بە پرسێکی دیاریکراو نەک گشتی، بەڵکو تایبەتە بە حاڵەتێکی دیاریکراو بە تایبەت لە بەشداریکردنی ئەو لایەنانەی کە داڕێژەری سیاسەتی گشتین بەڵام هەندێک جار ئەم سیاسەتانە دەگوازرێتەوە بۆ سیاسەتە گشتیەکان.

## 3 - سیاسەتە گشتییە فەرعییەکان Subsystem :

مەبەست ئەم جۆرە سیاسەتانەیە کە سروشتێکی وەزیفی و تەنزیمی هەیە کە تەرکیز دەکاتە سەر ئەو بوارانەی کە تایبەتمەندن و جۆرێک لە پسپۆڕییان پێویستە، وەک سیاسەتی گشتی لە بواری دوورگەکان و کەشتیوانی و یان ئاسمان و فڕۆکەوانی یان سیاسەتی خۆپاراستن لە ڤایرۆسێکی کوشندە هاوشێوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، ئەم جۆرە بوارانەی کۆمەڵگا کە حکومەت هەڵدەستێ بە ڕێکخستنیان و پێویستییان بە بوارێکی تایبەت و پسپۆڕ هەیە. بەو مانایەی هەر هاوڵاتیە و لە شوێنی خۆی ناتوانێت دەستێوەردان بکات لە داڕشتنی ئەم جۆرە سیاسەتانەدا و قسەی لەسەر بکات، چونکە ئەم جۆرە سیاسیەتە گشتیانە خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بواری سیاسەتی گشتیەکان مەرج نیە هەمیشە جێگای گرنگی دانی هەموو چین و توێژەکان بێت، چونکە ئێمە لەو بوارە پسپۆڕییانە کۆمەڵێک ڕێکخراوی تایبەتمەندمان هەن کە چاودێری ئەم بوارانە دەکەن.

## دووەم: سیاسەتی گشتی لە چوارچێوەی دامو دەزگا سەرەکیەکانی دەوڵەت

مەبەست لە سیاسەتە گشتیەکان لەم ئاستەدا دابەشکردنی سیاسەتە گشتیەکانە بەسەر یەکە و هێز، کە بە زۆری لە سێ یەکەی حکومەتدا خۆی دەبینێتەوە ئەمەش لە ڕێگای ڕێسا و پرەنسیپە یاساییەکاندا ڕێکخراوە کە خۆی لە دەستوور دەبینێتەوە، لەم ئاستەدا سیاسەتە گشتیەکان لەسەر ئاستی ناوەندی حکومەت یاخود لەسەر ئاستی هەرێمەکان واتە پارێزگایەکان یاخود لەسەر ئاستی نامەرکەزی دامەزراوە.

### 1 - سیاسەتی گشتی لەسەر ئاستی دەسەڵاتی یاسادانان:

لەم ئاستەدا سیاسەتە گشتیەکان لەلایەن پەرلەمان، کۆنگرێس، ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەنجومەنی گەل دادەنرێت، بەو واتایەی ئەو لایەنە کاری دانانی سیاسەتە نوێیەکان هەموارکردنی سیاسەتەکانە، ئەم جۆرە سیاسەتانە بە زۆری ئامانجێکی گشتییان هەیە کە گوزارشت لە کۆی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا دەکات، لە لایەکی ترەوە ئەم جۆرە سیاسەتانە بە زۆری گوزارشت لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان یان پرسە مرۆییەکان دەکەن کە ڕاستەوخۆ بە جەماوەرو دەنگدەران و ژینگەی خوارەوە بەستراوەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەم ئاستەی دانانی سیاسەتی گشتی ڕەچاوی بەرژەوەندی هاوڵاتییان و تواناکانی حکومەتیش دەکرێت، هەندێک جاریش کاریگەری پارتە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی بەسەرییەوە دەبێت.

### 2 - سیاسەتی گشتی لەسەر ئاستی جێبەجێکردن (حکومەت):

سیاسەتە گشتیەکان لەم ئاستەدا بە زۆری گوزارشت لە دید و بۆچوونی دەزگاکانی حکومەت دەکەن کە لە ڕێگای دامەزراوە سیاسییەکانەوە جێبەجێیان دەکات، ئەمە بێجگە لەو سیاسەتە گشتیانەی کە لە دەزگای یاسادانەوە بۆی دێت، کارەکتەرە دیارەکانی ئەم جۆرە سیاسەتانە بریتین لە (ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتەکان، دیوانی ئەنجومەنی وەزیران)، ئەم کارەکتەرانە زۆرترین کاریگەرییان دەبێت لەسەر دانانی ئەم جۆرە سیاسەتانە، هەروەها دیسان دەبێت ڕەچاوی تواناکانی حکومەت و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بکرێت.

### 3 - سیاسەتی گشتی لەسەر ئاستی کارگێری:

مەبەست لە سیاسەتی گشتی لەو ئاستەدا دەرکردنی سیاسەتە گشتییەکانە لەلایەن دەزگا کارگێرییەکان و ڕێکخراوە فەرمییەکانی حکومەت کە لە بنەڕەتدا ئەرکیان جێبەجێکردنی دوو سیاسەتە گشتییەکانی حکومەت واتا لەسەر ئاستی حکومەت و ئاستی یاسادانان، لە پلەبەندی بوارەکانی سیاسەتی گشتی ئاستی کارگێری پەلەیەکی نزمتری هەیە لە دوو ئاستەکەی تر، کارەکتەرەکانی ئەم سیاسەتە بریتین لە (وەکیل وەزیرەکان، بەڕێوەبەری گشتیەکان، دەزگا کارگێرییەکان، دادگاکان).

هەرچەندە بەشێک لە توێژەرە سیاسی و یاساییەکان ناکۆکن لەگەڵ ئەوەی کە لەم ئاستەدا توانای ئەوەی هەبێت سیاسەتە گشتیەکان دابڕێژێت، بەو مانایەی سیاسەتە گارگێرییەکان ئەرکیان تەنیا جێبەجێکردنی دوو ئاستەکەی ترە، بەڵام زۆرترین ڕا لەسەر ئەوە کۆکن کە سیاسەتە گشتیەکان لەسەر ئاستی کارگێری توانای داڕشتنی سیاسەتی گشتیان هەیە، لەبەرئەوەی لەم ئاستەدا دەزگا گارگێرییەکان خاوەن هونەر و تەکنیکی کاریگەرن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان، چونکە دەزگا کارگێرییەکان لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدان لە کۆمەڵگا، بەو مانایەی دەزگا کارگێرییەکان نزیکترن لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە ڕووی جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا، ئەمەش چونکە ئەو سیاسەتانە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکەن ئەمە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە لەبەر شارەزایی و دووری هەردوو ئاستەکانی لە مەیدانی جێبەجێکردندا، هەر ئەمەشە ئێستا وایکردووە کە لە زۆربەی سیستەمە سیاسییەکاندا سەربەخۆییەکی فراوان بدرێت بە دەزگا کارگێرییەکان.

### سێیەم: سیاسەتی گشتی لەسەر ئاستی هونەری (ئیجرائی):

سیاسەتە گشتیەکان لەم ئاستەدا بریتین لە کۆمەڵێک ڕێسا و پێوەر کە کارگێری بە شێوەیەکی گشتی پشتی پێدەبەستێت بۆ ڕاپەڕاندن و پێدانی بەرچاو ڕوونی بەو فەرمانبەر و دەزگا کارگێرییانەی کە سیاسەتی گشتی جێبەجێ دەکەن.

لەم ئاستەشدا سیاسەتی گشتی بریتیە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرووی خۆی کە ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لەو رێگا گرنگانەی کە کارگێری پێویستی پێیەتی لەبەرئەوەی تا زۆر بە جدی و رێک و پێکانە جێبەجێ بکرێن، کەواتە سیاسەتی گشتی لە ئاستی هونەری بریتین لە رێگە نیشانداان بۆ دیاریکردنی سنوور و ئاراستەکانی کارگێری کە بەرێوەبەری جێبەجێی کارەکان سوودی لێ دەبینێت، بەڵام سیاسەتە گشتییەکان لە هەر چوار ئاستەکەی کە باسمان کرد لەسەرەوە هەرچەندە جۆرێک لە جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا بەڵام بەو مانایە نیە کە دابڕانێک هەیە لە هەر چوار ئاستەکانی سیاسەتی گشتی، بەڵکو ئەم ئاستانە لە پەیوەندییەکی یەک بە دوای یەکدان، ئەوەی دەشکرێت بۆ چالاککردنی ئاستەکانی جێبەجێکردنە لە گەیشتن بە ئامانجێک کە هاوبەشە لە نێوان گشت ئاستەکاندا.

## ئامرازەکانی سیاسەتی گشتی:

لە پێناو سەرخستنی پرۆژەکانی سیاسەتی گشتی هەمیشە پێویستیمان بە چەند ئامرازێک دەبێت کە زەمانی سەرکەوتنمان بۆ مسۆگەر دەکەن، ئەم ئامرازانەش دەبێ دوو خەسڵەتی سەرەکیان تێدابێ یەکەمیان دەبێ میکانیزمەکان شەرعی بن، دووەمیان دەبێ میکانیزمەکان ڕەسمی بن جا ئەمە چ لە لایەن یاسادانەرەکانەوە بێت یان لە لایەن دەزگاکانی جێبەجێکردنەوە بێت، یاخود لەسەر ئاستی ناوەندە کارگێرییەکان بێت، چونکە سیاسەتە گشتیەکان لە کاتی جێبەجێکردندا دەبێ کاریگەری و گۆڕان دروست بکەن لە کۆمەڵگا یان لە هەڵسوکەوتی تاکەکان بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە چەند میکانیزمێک هەیە بە شێوەیەک ئەو سیاسەتە گشتیانەمان بۆ جێبەجێ بکات لە سەرەکیترین ئەو میکانیزمانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### 1 - ڕێسا پابەندەکان Binding Rules

ئەمەش کۆمەڵێک رێسای ڕێکخراو لە خۆدەگرێت کە سیفاتێکی گشتی و جێبەجێکراویان هەیە لە چوارچێوەی سەنەدێکی یاساییدا بە مەبەستی دیاریکردنی مافەکانی هاوڵاتیان، هەر بۆیە یەکێک لەو ڕێگایانەی کە حکومەت دەیگرێتە بەر لە پێناو کاریگەریکردن لە کۆمەڵگادا بریتیە لە سەپاندنی ڕێسا پابەندەکان و ئەو یاسایانەی کەدەیانسەپێنێت، لەم نێوەندەشدا پێویستە ڕەچاوی هەڵسوکەوت و دۆخی ژیانی هاوڵاتیان بکرێت، بەو مانایەی ئەو میکانیزمە هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەت و کۆمەڵگا، کە ئەمەش زیاتر جێبەجێکردنێکی تەتبیقییە، چونکە بێجگە لە ڕەهەندە یاساییەکەی ڕەهەندێکی ئیلزام بوونیشی هەیە کە وادەکات هاوڵاتیان پابەند بن پێی، ئەگەر پابەندیش نەبن پێی ئەوا سزای دیاریکراو دانراون لەلایەن حکومەت جا ئەو سزایە (زیندانی بێت یان غەرامە) بێت. ئەمەش لە ڕاستیدا دەسەڵاتێکی بیرۆکراسیانەی شارەزا و بە ویژدانی پێویستە تا بتوانێت سەرجەم ڕێساکان بەسەر هاوڵاتیاندا جێبەجێ بکات، لە هەمان کاتدا پێویستی بە کەسانی دڵسۆز و شارەزا هەیە لە جێبەجێکردندا، چونکە ئەگەر هاتوو میکانیزمەکە بۆ گشتی هاوڵاتیان نەبوو ئەوکاتە سیاسەتی گشتی دەرئەنجامێکی نێگەتیڤانەی دەبێت یاخود دەبێتە هۆی لاواز بوونی ئەو متمانەی کە لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگادایە.

### 2 - کردارە پرۆگرامیەکان Program Operation

ئەمەیان ڕێگایەکە بۆ دەست بەکاربوونێکی فەرمیانە لە پێناو زەمینە خۆشکردن و هاوکاریکردن بۆ بڕیاردان لەسەر سیاسەتێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا، ئەم دەست بەکاربوونەش لە ڕێگای ئەم ڕێکخراوە کارگێڕییانە دەبێت کە پەیوەندییان بەو سیاسەتە گشتیەوە هەیە بە جۆرێك کە کردارە پرۆگرامیەکان ئاڕاستەی دەکەن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یان لە پێناو بوارێکی پێویستی کۆمەڵگادا، هەروەک بەشداریکردنی دەزگا کارگێڕییەکان لە بەخشینی قەرز یاخود پێشکەشکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی خزمەتگوزاری.

بەڵام کردارە پرۆگرامیەکان جیایە لە ڕێسا پابەندەکان، چونکە لە کردارە پرۆگرامیەکان هاوڵاتیان خۆیان بەرەو پیری سیاسەتە گشتیەکانەوە دێن بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک دەسکەوت، بۆ نموونە وەک بەخشینی سلفەی خانووبەرە بۆ گوندەکان، بەڵام ڕێسا پابەندەکان خۆیان بەرەو هاوڵاتیان دەچن بۆ سەپاندنی ڕێساکانیان لە ڕوانگەی یاسایەکانەوە.

### 3 - پاڵپشتی دارایی Subsides and Payments

مەبەست لە پاڵپشتی دارایی و نەفەقەکان ئەو میکانیزمەیە کە حکومەت دەیگرێتە بەر بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکان، ئەم میکانیزمە یەکێکە لە کۆنترین میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی بەپێی ئەو قاعیدە زانستیەی کە دەڵێ: (ئەگەر ویستت کەسێک یان لایەنێک ناچار بکەی کە کارێکت بۆ بکات، ئەوا پێویستە دەسکەوتێکی دارایی پێبدرێت یاخود پاڵپشتی دارایی بکەی واتا پاداشتی بکەی)، حکومەت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتیەکان زۆرجار هەڵدەستێ بە گرتنە بەری میکانیزمی پاڵپشتی دارایی بۆ نموونە: وەکە پێدانی زەوی بەو کۆمپانیایەک کە دەیەوێ ڕێگایەکی ئاسنین دروست بکات، یاخود بەخشینی دەرماڵەی خوێندن بۆ ئەو قوتابیانەی کە لەناوخۆ و دەرەوە دەخوێنن، و یاخود ئەو پارە زۆرەی کە حکومەت سەرفی دەکات لە توێژینەوە زانستییەکان، ئەمە هەرچەندە تێچوونێکی هەیە لەسەر حکومەت بەڵام سوودەکەی یەکجار زۆرە کەوا دەکات خەڵک بە ئاسانی سیاسەتی گشتی جێبەجێ بکات، ئەمە بێجگە لەوەی حکومەت دەتوانێ هەست و سۆزی هاوڵاتیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بەو مانایەی کە حکومەت دەیەوێ حکومەتێکی خزمەتکار بێت، بەبێ پەنا بردنە بەر ڕێساکانی ملکەچکردنی بەزۆر، بێجگە لەو میکانیزمە ڕاستەوخۆیانەی کە باسمان کردن حکومەت کۆمەڵێک میکانیزمی ناڕاستەوخۆشی هەیە کە دەتوانێ پاڵپشتی دارایی پێ بکات وەکو: ئەو پارەیەی کە حکومەت تەرخانیدەکات بۆ گەشەکردنی کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازی، یاخود وەک ئەو ئاسانکارییانەی کە حکومەت دەیکات بۆ بەرهەمهێنان یان ئەو داشکاندنانەی کە حکومەت دەیکات لە باجدان، یاخود ئەو تێچووانەی کە حکومەت دەیکات بۆ گەرەنتی دابینکردنی کار بۆ هاوڵاتییان، لەو میکانیزمەدا حکومەت کۆمەک و یارمەتی بەکاردەهێنێ نەک زەبر و زەنگ.

### 4 - سەپاندنی باج taxation

ئامانجی سەرەکی دانانی باج بۆ زیاد بوونی سەرچاوەی دارایی دەوڵەتە، هەروەها بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێ پاڵپشت و هاوکاری پرۆژەکان بکات یاخود حکومەت بیەوێ سەر لە نوێ سامان دابەشکاتەوە، کەواتە حکومەت مەبەستی لە باج تەنها بۆ کۆکردنەوەی پارە نیە لە خەڵک، بەڵکو لە بەرامبەردا پشتی پێدەبەستێ بۆ سەرف کردنی لە سیاستە گشتیەکان لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەروەها کلتوری، بەهەمان شێوە دانانی باجیش وا دەکات حکومەت بەردەوام بێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی، وەک

سەرفکردنی مووچە، یاخود پاڵپشتی کردنی بوارە کۆمەڵایەتییەکان یان تەندروستییەکان یان پاڵپشتیکردنی ئابوری نیشتمانی بە هەمان شێوە بۆ پارێزگاریکردنیش لە کەل و پەلە ناوخۆییەکان بۆ نموونە لە زۆر وڵاتدا حکومەت باجێکی زۆر دەخاتە سەر کەل و پەلە هاوردەکان بۆ یارمەتیدانی کەل و پەلە ناوخۆییەکان.

## 5 - باوەڕپێهێنانی ئەخلاقی Moral Persuasion

سیاسەتە گشتیەکان بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵک و هاوڵاتیانەوە جێگای ڕەزامەندی بن پێویستە خەڵک باوەڕ و متمانەیان پێبێت، بەو مانایەی هاوڵاتی هەست بکات کە ئامانج لە سیاسەتە گشتیەکانی حکومەت بۆ بەرژەوەندی گشتییە، چونکە بەشێکی زۆری خەڵک هەیە کە سەرپێچی یاساکان دەکەن وحکومەتیش ناتوانێ گشتی هەڵسوکەوتەکانی بە یاسا رێکبخات بە تایبەت ئەگەر هاتوو خەڵک متمانەی بە یاساکان نەبوو، بۆیە پێویستە حکومەت لە رێگای زانیاری پێدان و هۆشیاریکردنەوەی تاکەکان ئەو باوەڕەیان بۆ دروست بکات، ئەمە بێجگە لەوەی ئەو میکانیزمە هیچ تێچوونێکی دارایی ناوێت، تەنیا ڕەهەندێکی مەعنەوی هەیە، هەرچەندە متمانە و باوەڕی خەڵک بە بەردەوامی لە یەک ئاستدا نامێنێتەوە و لە گۆڕانکاریدایە بەڵام حکومەت پێویستە لە رێگای کەناڵە جیاوازییەکانیەوە بتوانێت خۆی لەگەڵ ویست و متمانەی خەڵک بگونجێنێت، ئەمە زەمانێکی گرنگی جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتیەکانە لە هەر وڵاتێکدا.

## شیکردنەوەی سیاسەتە گشتیەکان

بابەتی شیکردنەوەی سیاسەتە گشتیەکان گرنگییەکی تایبەت و بەرفراوانی هەیە لە پانتایی سیاسەتی گشتیدا، زۆرێک لە دراسەتەکانیش گرنگی تایبەتیان پێداوە، بەڵام ئەم گرنگییە لە بوارێکی کلاسیکی و پەراوێزدا بووە نەک وەک بابەتێکی سەربەخۆ بەڵکو وەک بەشێک لە هەڵسەنگاندنی سیاسەتە گشتییەکان سەیر کراوە، بەڵام بەشێک لە توێژەران پێیان وایە قۆناغی شیکردنەوەی سیاسەتە گشتییەکان پرۆسەیەکی بەردەوامە واتا هەم (پێش جێبەجێکردن-بەردەوام بوون-پاش جێبەجێکردن)، پاش هەڵسەنگاندنیش چونکە سیاسەتە گشتییەکان پرۆسەیەکی مەنهەجیە بۆ گەیشتن بە باشترین چارەسەری بەردەست بۆ ئەو کێشە و گرفتانەی کە ڕووبەڕووی حکومەت و دەوڵەت دەبێتەوە.

هەروەک ئەو بوارە هەوڵێکی کۆنی مرۆڤیشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی، سەرەتای شیکردنەوەی سیاسەتە گشتیەکان دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە تایبەت بۆ ئەو ناکۆکیانەی نێوان سپی پێست و ڕەش پێستەکاندا ڕوویاندا بە تایبەت لە کاتی جەنگی ڤێتنام و ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆتەوە و پێویستی بە چارەسەرێک هەبوو بۆ یەکلایی کردنەوەی سەرجەمی ئەو کێشانە.

لە ساڵی ١٩٧٥ دەیەها پرۆژەی فێرکاری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەربارەی شیکردنەوەی سیاسەتە گشتیەکان خرانە ڕوو، هەروەها چەندەها دامەزراوەی زانستی هەڵسان بە گرنگیدان بە بوارە جۆربەجۆرەکانی سیاسەتی گشتی، لە نموونەی ئەم دامەزراوە زانستیانە وەک (زانکۆکانی کالیفۆرنیا و پەنسلڤانیا و هارڤارد میشیگان و کۆلۆمبیا و هەروەها دیوک) کە هەریەک لەم زانکۆیانە ساڵانە چەندەها بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایان دەبەخشیە خوێندکاران، بە تایبەت لەم ساڵانەی دوایی زیاد بوونی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان وایانکرد کە گرنگییەکی زۆر بدرێت بە دەرچووانی سیاسەتی گشتی، بۆ نموونە هەر لە ساڵانی ٧٠ و ٨٠ کاندا (دە هەزار)

پۆستی کارگێری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوونی هەبوو لە ژێر ناونیشانی (شیکاری سیاسەتە گشتییەکان).

لە هەمان کاتدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستییەکی زۆری هەیە بە گرنگیدان بە سیاسەتە گشتییەکان و شیکردنەوەی ئەو سیاسەتە گشتییانە، چونکە بوونی سیاسەتێکی گشتی تەندروست لەهەر وڵاتێکدا مانای بوونی پەیوەندییەکی تەندروستە لە نێوان حکومەت و هاوڵاتیاندا.

## یەکەم/ خستنە رووی پێناسەکانی شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی:

کاتێک باس لە سیاسەتە گشتیەکان دەکرێت کۆمەڵێک پێناسە هەیە لەم بوارەدا، ئەمە بە هەمان شێوە ڕاستیشە بۆ پێناسەکردنی (چەمکی شیکردنەوەی سیاسەتی گشت)، بەو واتایەی ئێمە لەبەردەم کۆمەڵێک پێناسەداین بۆ شیکردنەوەی سیاسەتە گشتیەکان بەڵام هەوڵدەدەین ئاماژە بە گرنگترینیان بکەین:

1 - تۆماس دای

وا دەبینێ کە شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی بریتیە لە زانینی ئایا حکومەت چی دەکات؟ دواتر بۆ ئەوە دەکات، و ئایا ئەو گۆڕان و جیاوازییانە چین کە لە کردارەکانی حکومەت کەوتوونەتەوە لە میانەی جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتیەکاندا.

2 - سید یاسین:

شیکردنەوەی سیاسەتە گشتیەکان بریتیە لەو هەوڵ و تێکۆشانانەی کە لە ئەنجامی گرتنە بەری چارەسەرێک یان چەند چارەسەرێک دێتە کایەوە ، ئەمە چ پێش وەختە بێ پێش جێبەجێکردنی یان پاش جێبەجێکردن، پێش جێبەجێکردن واتا پێشبینی کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەکان دەکات، ، پاش جێبەجێکردن هەڵدەستێ بە شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی سیاسەتی گشتی.

3 - بێنتڵ

ئەمەیان پێی وایە شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی میتۆدێکە کە یارمەتی دارێژەرانی بڕیار دەدات بۆ هەڵبژاردنی باشترین بەدیل  بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی گشتی بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی ڕێگای زانستی و عەقڵانی.

4 - جێمس وێلد

پێی وایە شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی بریتیە لە بەکارهێنانی لۆجیک و بەڵگە بۆ هەڵبژاردنی باشترین سیاسەت لە نێوان کۆمەڵێک ئەلتەرناتیڤی سیاسیدا.

لە ئەنجامی ئەو پێناسانەی کە ئاماژەمان پێکرد لە بواری شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی دەگەینە ئەو تێبینەی کە شیکردنەوەی سیاسەتە گشتیەکان وابەستەی ئەو بارودۆخە ناهەموارانەیە کە پەیوەستن بە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکان یاخود ڕوونتر بڵێین پەیوەستن بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ ژینگەی دەرەوەدا، کەواتە شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی کۆمەڵێک هەوڵ و تێکۆشانی سیستەماتیکە بۆ

لێکۆڵینەوە و دراسەتکردنی سروشتی کێشەکە کە دواتر پێداچوونەوەی هۆکار و کاریگەرییەکانی ئەو کێشەیە دەکرێت، ئینجا ئەو ئەلتەرناتیڤانە دەست نیشاندەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە، ئەمەش لە ڕێگای ئەو زانیارییانەی بە دەست بڕیاردەرانی سیاسەتی گشتی دەگات، دەبێ زانیارییەکان دروست بن و جێگای متمانە بن، چونکە شیکاریکەرانی سیاسەتی گشتی شیکردنەوەکانی لەسەر ئەو زانیارییانە بونیاد دەنێ کە لە ژینگەی دەرەوەی خۆی بەدەستی دەگات.

## قۆناغەکانی شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی

هەشت قۆناغی گرنگ لە شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی دا هەن:

**یەکەم: دەستنیشانکردنی کێشەکە و ڕەهەندەکانی:**

یەکەم قۆناغ بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی بریتیە لە دەستنیشانکردن و ناسینی ئەو کێشەیەی کە لە کۆمەڵگا بوونی هەیە، کێشەکەش لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە ڕەهەندێکی گشتگیری هەیە و دەکرێت سنووری ئەم جەماوەرەش ببەزێنێت کە ڕاستەوخۆ تووشی کێشەکە نەبوونە. بۆ نموونە نەخۆشی کولێرا یان ئیبۆلا یان پەتایەکی هاوشێوەی ئەو پەتایەی کە لەکۆتایی ٢٠١٩ سەرەتای ٢٠٢٠ لە جیهاندا بڵاوبۆوە بە ناوی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەم کێشەی ئەو کەسانەیە کە تووشی ئەم نەخۆشییە یاخود ڤایرۆسە بوونە، و هەم کێشەی ئەو کەسانەیە کە تووشی نەبوونە، بەڵام ئەگەری تووشبوونی ئەو کەسانەش لە ئارادایە. یاخود نەبوونی ناسەقامگیری کێشەیەکی گشتگیرە.

بە بڕوای پیت دراکێر شیکاریستی سیاسەتی گشتی دەتوانێت بە گرتنەبەری سێ هەنگاو مامەڵە لەگەڵ کێشەکەدا بکات:

یەکەم: پۆلێنکردنی کێشەکە: ئایا کێشەکە، کێشەیەکی گشتییە؟ ئایا ئەگەری دووبارە بوونەوەی هەیە؟ ئایا پێشتر کێشەیەکی لەم جۆرە ڕوویداوە، یا خود کێشەکە خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە؟ کێشەیەکی نوێیە و میکانیزمی نوێ و جیاواز بۆ چارەسەرکردنی پێویستە ؟

دووەم: ناسینی کێشەکە : واتە دەستنیشانکردن و شیکرنەوەی گشت رەهەندەکانی پەیوەست بە کێشەکە، واتە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کیشەکە چین؟ بە واتایەکیتر کلیلی کێشەکە چییە ؟

سێیەم: دۆزینەوەی وە ڵامێک بۆ کێشەکە: واتە دوای پۆلێنکردن و ناسینی کێشەکە، دواتر پێویستە چارەسەرییەک بۆ کێشەکە بدۆزینەوە تا کێشەکە بنبڕ بکرێت. مەبەست لە بنبڕ کردنی چارەسەریەکی هەمیشەیی نییە، چونکە دەکرێت سەر لە نوێ کێشەکە بە شێوازێکیتر و لە کاتێکیتردا سەرهەڵبداتەوە .

**دووەم: کۆکرنەوەی زانیاری دروست و تەواو لەسەر کێشەکە :**

بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی گشتی، پێویستیمان بە کۆکردنەوەی زانیاری زۆر و هەمە ڕەهەند هەیە، تا بتوانین کۆنترۆڵی کێشەکە بکەین و لایەنە جۆراوجۆرەکانی بناسین تا بتوانین بەدیلەکان و باشترین بەدیل دەست نیشان بکەین. لێرەدا دەکرێت پشت بە هەردوو جۆری زانیاری چۆنایەتی و چەندایەتی ببەستین. واتە ئەو ڕێبازەی کە هارۆڵد لاسویل بۆ داڕشتنی سیاسەتی گشتی بانگەشەی بۆ دەکات .

بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، شیکاریستی سیاسەتی گشتی، پشت بە سێ بنەمای سەرەکی دەبەستێت:

1 - بیرکردنەوەی ورد و بەردەوام لەسەر کێشەکە: ئەویش بۆ دڵنیا بوون لە دروستی زانیارییە بەردەستەکان و سەرچاوەی زانیارییەکان .

2 - وەرگرتنی بۆچوونی پسپۆران: ئەمەش لە پێناو ئەوەیە کە سیاسەتی گشتی، بوارێکی فرە ڕەهەندە؛ کەواتە چارەسەری کێشەکەش، فرە بوارە. هەر بۆیەش راوێژکردن لەگەڵ پسپۆران دەبێتە هۆی پتر تێگەیشتن لە کێشەکە و ناوڕۆکی کێشەکە و سنورەکانی کێشەکە .

3 - دروست بەکارهێنانی زانیارییە ئامارییەکان: واتە ئەو ئامار و زانیاریانەی کە شیکاریستی سیاسەتی گشتی لە سەر چاوە باوەڕ پێکراوەکانەوە بەدەست دێنێت. ئەمەش گەرەنتی دروست دەرکردنی بڕیارەکان و هەڵسەنگاندنی بابەتیانە و بەردەوام بوونی سیاسەتی گشتی دەدات . بۆ ئەوەی کە ئەم زانیاریانە سوودمەند بن، پێویستە زانیارییەکان ئەم خەسڵەتانەی خوارەوەیان هەبێت:

**یەکەم:** گشتگیر بوون : واتە پێویستە زانیارییەکان رووماڵی گشت ڕەهەندەکانی کێشەکە بکات.

**دووەم:** بابەتی بوون و ورد بوون (الدقة و الموضوعية)، دەبێ زانیارییەکان ورد و دروست و بێلایەنانە و باوڕپێکراو بن.

**سێیەم:** گونجاو بوون (الملائمة)، واتە زانیارییەکان لە گەڵ ژینگە و جۆری کێشەکە گونجاو بن.

**سێیەم :دیاریکردنی بەدیلەکان**

لەم قۆناغەدا گرفتەکە ڕووبەڕووی تاقیکردنەوە دەبێتەوە، واتە لەم قۆناغەدا دەبێ بزانین کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، چەند بەدیل لەبەردەستماندا هەن. ئەمەش دەگە ڕێتەوە بۆ توانایی شیکاریستی سیاسی لە دۆزینەوەی بەدیلەکان. بۆ نموونە ئایا بەردەوامی بە بارودۆخی بەرقەرار بدەین، یاخود بەشێک لە کێشەکە چارەسەر بکەین و بەشەکەی تریش بە درەباز بوونی زەمەن چارەسەر دەبێت؟ یا خود هەر جۆرە دەستێوەردانێک کێشەکە قوڵتر دەکاتەوە. پشت بەستن بە ڕێکارە زانستییەکان و هەڵسەنگاندنی بەهاکانی کۆمەڵگا لەم قۆناعەدا گرنگی تایبەتی هەیە. کۆمەڵێک شێواز لە قۆناغی دیارکردنی بەدیلی چارەسەر دەگرێتە بەر وەک :

**شێوازی مەزەندەکردن ( Intuition ):** ئەم قۆناغە پشت بە ئەزموونە کەڵەکە بووەکان دەبەستێت. ئەویش بەو پێیەی کە ژینگەی کێشەکە، جۆرێک لە گومان و ناڕوونی تێدایە و لە ڕابردوودا ئەم جۆرە کێشەیە بە کەمی ڕوویداوەو و زانیاریی سەبارەت بە کێشەکە لەبەردەست نییە و کاتیش بۆ دیراسەکردنی وردی کێشەکە بوونی نییە. بەڵام گوشار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە زۆرە. بۆیە شیکاریستی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، پەنا بۆ مەزەندە و گریمانەکانی خۆی دەبات.

**لە شێوازی دێلفی (Delphi):** لەم شێوازەدا، بیر و بۆچوونی کۆمەڵێک پسپۆر و شارەزا لە بوارێکی تایبەت و بوارە جیاوازەکاندا وەردەگیرێت و لە کۆی گشتی بۆچوونەکان سیاسەتێکی گشتی دادەڕێژرێت .

**شێوازی سیناریۆ (Scenario):** لەم شێوازەدا گریمانە بۆ کۆمەڵێک رووداو دەکرێت کە ، لەوانەیە لە داهاتوودا روو بدەن. هەر بۆیەش کۆمەڵێک بەدیل دەخرێنەڕوو. پێشنیازکردنی ئەم سیناریۆیانە دەبنە هۆی

نزیکبوونەوە لە دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان یا خود  چارەسەرکردنی کێشەگەلێک کە لە داهاتوودا ڕوو دەدەن .

### چوارەم :  هەڵبژاردنی باشترین بەدیل

لەم قۆناغەدا شیکاریستی سیاسەتی گشتی کۆمەڵێک بەدیلی لەبەر دەستە کە هەرکامەیان  تێچوون و میکانیزمی تایبەتی بۆ جێبەجێکردنیان پێویستە. شیکاریستی سیاسەتی گشتی بە ڕەچاوکردنی توانایی و سەرچاوە بەردەستەکانی خۆی، باشترین بەدیل لە نێوان کۆمەڵێک بەدیلدا هەڵدەبژێرێت. ئەم هەڵبژاردنەش پشت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوری  و توانایی مادی حکومەت دەبەستێت. لەم قۆناغەدا شیکاریستی سیاسەتی گشتی،  خوێندنەوە  بۆ ئەگەر و دەرهاوێشتەکان و لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەر بەدیلێک دەکات و لە دواجاردا  باشترین  بەدیل کە لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی بگونجێت هەڵدەبژێرێت .  دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکەین کە هەندێ  جار باشترین بەدیل لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیدا  ناگونجێت، بۆیە پەنا بۆ  بەدیلەکانیتر دەبردرێت کە لەوانەیە تێچوونی زۆرتریشی پێویست بێت .  بۆ نموونە، کردنەوەی  سەیرانگەیەک لە ناو چەیەکی  خاوەن دیمەنی سروشتی جوان و کەش و هەوای گونجاو بۆ  گەشتیاری، بەڵام  ناوچەکە لەسەر سنورە و دوورەدەستە  و  لەوانەیە بکەوێتە بەر هەڕەشەی  فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا  و تۆپبارانی ئێران؛ یاخود  خودی کولتوری ناوچەکە ڕێگرە لەوەی  کە ناوچەکە ببێتە بە ناوچەیەکی گەشتیاریی.

### پێنجەم: تاقیکرنەوەی باشترین بەدیلی هەڵبژێردراو

ئەم قۆناغە ڕاستەوخۆ بە قۆناغی چوارەم بەستراوەتەوە و شیکاریستی سیاسەتە  گشتییەکان خوێندنەوەی باشترین بەدیلی هەڵبژێردراو دەکات؛ واتە میکانیزمەکان، بڕیارەکان،  تێچوونەکان و بەدواهاتەکان هەڵدەسەنگێنێت و هەوڵ دەدات لە  قۆناغی تیۆرییەوە دەرباز  بێت و پێداچوونەوەیەکی گشتی بکات و خۆی ئامادە بکات بۆ ئەگەری هەر جۆرە گۆڕانکارییەک  یان  دەرهاوێشتەیەکی نەرێنی کە لەوانەیە لە قۆناغی جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکەدا بێتە  کایەوە. لەم قۆناغەدا شیکاریستی سیاسەتی گشتی،  ئامانجی سەرەکی سیاسەتی گشتی  دەستنیشان دەکات. بۆ نموونە، لە دابینکردنی کارەبا بۆ  شارێک کام جۆرە سیستەمی کارەبا گونجاوترە، ئایا کارەبایەک کە لە خۆر یان ئاو یان گاز، یان هەڵم بەرهەمدێت، کامەیان باشترە  هەم لە ڕووی تێچوونەوە هەم لە  ڕووی تەندروستیەوە و هەمیش لە ڕووی شارەزایی  بەردەست و تێچوونی کاتەوە. ئایا لە کاتی ڕاکێشانی کارەبا بیر لە زیادبوونی ژمارەی  دانیشتوان کراوەتەوە؟

### شەشەم: جێبەجێکردنی بەدیل

ئەم قۆناغە لەگەڵ پێنج قۆناغەکەی  پێشووتر جیاوازە، چونکە لە قۆناغەکانیتردا دەستنیشان  کردنی کێشەکە  و ڕاو بیر وبۆچوونەکان وەرگیراوە و لەم  قۆناغەدا بە ڕەچاوکردنی بەها  گشتییەکانی کۆمەڵگا بەدیلەکە دەچێتە بواری جێبەجیکردنەوە. لەوانەیە جێبەجێکردنی  باشترین بەدیل لەگەڵ فەلسەفەی ژیان و ئەخلاقی گشتی کۆمەڵگا یەکتر نەگرێتەوە.  هەروەها،  جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی مەرج نییە لەگەڵ بەرژەوەندی گشت لایەن و هێزە  کۆمەڵایەتییەکان یەکتر بگرێتەوە. بەڵام پێویستە لەم قۆناغەدا ڕەزامەندی زۆرینەی کۆمەڵگا  دەستەبەر بکات تا سیاسەتەکە جۆرێک لە مەشروعییەت وەربگرێت. ئەم ڕەزامەندیەش لەو  سازشەوە دەستەبەر دەکرێت کە لە قۆناغی پێشوتردا لە لایەن هێزە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانەوە

دەستەبەرکراوە. بۆ نموونە دامەزراندنی حکومەتێکی بنکە فراوان لە هەرێمی کوردستاندا. بۆیە پێویستە شیکاریستی سیاسەتی گشتی بەدوای بەدیلەکاندا بگەرێت و باشترین بەدیل لە میانەی سازشی سیاسیەوە هەڵبژێردرێت و جێبەجێ بکرێت. بە پێی ئەم نموونەیە، بۆمان دەردەکەوێت کە جۆری سیستەمی سیاسی-کۆمەڵایەتی و بوونی ململانێی سیاسی، کاریگەری لەسەر جۆری کێشەکان و چارەسەریان دروست دەکات. جێبەجێکردنی بەدیل گرتنەبەری کۆمەڵێک هەنگاوی پێویستە کە بریتین لە:

**یەکەم:** دارشتنی بەدیلەکە بە جۆرێک کە گوزارشت لە ئامانجە سەرەکیەکە بکات و هیچ نا ڕوونی و ئاڵۆزی تێدا نەبێت کە لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرێت.

**دووەم:** راگەیاندنی بەدیلەکە لە کاتێکی گونجاو و دیاریکراودا. واتە رەچاوکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابوری و سایکۆلۆژی خەڵک.

**سێیە م:** ئامادەکردنی ژینگەی ناوەوەی حکومەت بۆ ڕاگەیاندنی بەدیلەکە. واتە ئامادەکردنی پارە و لایەنی کارگێڕیی و سەرچاوە بەردەستەکان بۆ جێبەجێکردنی بەدیلەکە.

**چوارەم:** ئامادەکردنی ژینگەی دەرەکی: واتە ژینگەی ناوخۆیی کۆمەڵگا و دەرەوەی کۆمەڵگا. چوونکە دەکرێت کێشەکە سنورەکانی وڵاتێک ببڕێت. بۆ نموونە لە پرسی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ٢٥-٩-٢٠١٧.

**هەفتەم: بەدواداچوون و چاودێریکردن :**

چونکە کۆمەڵگا، کۆمەڵگایەکی داینامیکە و کێشەکان بە بەردەوامی لە سەرهەڵدان و دووبارە بوونەوەدان، بۆیە لەم قۆناغەدا شیکاریستی سیاسەتە گشتییەکان، بەدواداچوون و چاودێری چۆنیەتی جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەکات تا بزانێت کە ئایا ئامانجە دە ستنیشانکراوەکان پێکێنراون یان نا. یا خود سیاسەتەکە دەرنجامی نەرێنی لێکەوتووتەوە و پێویستی بە بەدواداچوون هەیە. کەواتە هەر وەک چۆن پزیشک تەنیا بە نووسینی دەرمان بۆ نەخۆ ش ناوەستێت و تا دوایین قۆناغی چاکبوونەوەی نەخۆش، چاودێری نەخۆش دەکات، بۆیە شیکاریستی سیاسیش دەبێ بەدواداچوون بۆ شیکردنەوەکان و جێبەجێکردنی سیاسەتەکان بکات. ئەگەر لە قۆناغی جێبەجێکردندا دەرکەوت کە کێشەیەک دێتە کایەوە، دەبێ رێکاری پێشگیرانە بگرێتەبەر کە کێشەی زۆرتر نەیەتەکایەوە. چونکە دەکرێت گشت تێچوونەکانی سیاسەتی گشتی بە فیرۆ بچێت . بۆ نموونە لە دروستکردنی بەنداو . یا خود تەنیا کێشانی رێگاو بان بەس نییە، بەڵکو بەدواداچوونی بەردەوام تەنانەت لە دوای تەواو بوونی پرۆژەکەش پێویستە.

**هەشتەم : هەڵسەنگاندنی دەرەنجام و دەرهاوێشتەکانی بەدیلەکە**

لەم قۆنا غەدا شیکاریستی سیاسەتی گشتی بە دوای وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاردا دەگەرێت؛ ئایا بەدیلەکە ئامانجە دیارکراوەکانی خۆی پێکاوە؟ دەرهاوێشتە ئەرێنی و نەرێنی بەدیلەکە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی چین؟ ئایا بەدیلەکە کە سیاسەتێکی گشتیە، لە ئەرزی واقعیدا، ژیانی خەڵکی باشتر کردووە یان خراپتر؟ لێرەدا شیکار یستی سیاسەتی گشتی سەر لە نوێ مەعریفە بەدەست دێنێت؛ واتە مەعریفەی ئەوەی کە چ گۆڕانکاریەک لە ژیانی خەڵکدا هاتووتە کایەوە و هەنگاوی داهاتوو بۆ دارێشتنی سیاسەتێکیتری گشتی چییە ؟

## خەسڵەتی شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی:

وەک پێشتر باسمان کرد بۆ ئەوەی کە ئامانجی سیاسەتی گشتی دەستەبەر بکەین و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی بخەینە سەر ڕێڕەوی دروستی خۆی، شیکردنەوەی سیاسەتە گشتییەکان کارێکی گرنگە، باشترین شیکردنەوەش، ئەو شیکردنەوەیە کە بەبەردەوامی ئەنجام دەدرێت و بە زانیاری داتای پێویست پڕچەک کرا بێت تا بتوانێت چارەسەری کێشە گشتیەکان بکات. کەواتە ئەو ڕێبازەی کە شیکردنەوەی سیستەمی سیاسی پشتی پێدەبەستێت بریتیە لە ڕێبازی چارەسەرکردنی کێشە (Problems Solving Approach) بەم جۆرەش دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی کێشەکە، وەک نیوەی چارەسەری کێشەکە هەژمار دەکرێت، گرنگترین خەسڵەتەکانی شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی بریتین لەمانەی خوارەوە:

**خەسڵەتی یەکەم:** ڕەوتی شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی پشت بە چەمکەکانی وەک (گشت، ژینگە و کۆمەڵگا) دەبەستێت. واتا گشت ئەو کێشانەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی-سیاسی کۆمەڵگادا بوونی هەیە شیکردنەوەی سیاسەتە گشتیەکان گرنگیان پێدەدات. بۆ نموونە پێکهێنانی کۆمیتەی چاکسازی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١١ دا. یاخود کێشەی زبڵخانەی هەولێر کە لە دەرەوەی شارە و ئاو و هەوا پیس دەکات. شیکردنەوەی سیاسەتە گشتیەکان، هەوڵی دۆزینەوە و چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دەدات و پرۆگرامێکی تایبەتی بۆ دادەڕێژێت و دەیکاتە بەرنامەی کاری حکومەت.

**خەسڵەتی دووەم:** شیکردنەوەی سیاسەتە گشتیەکان پرۆسەیەکی دوو ڕەهەندییە، ڕەهەندی یەکەم: شێوازی پێشگیریکردنی (Proactive) هەیە، واتە شیکاریستی سیاسەتە گشتیەکان نە تەنیا بە دوای چارەسەری کێشەکاندا دەگەڕێت، بەڵکو پێش ئەوەی کە کێشەکە لە ئەرزی واقیعدا ڕووبدات پێشبینی سەرهەڵدانی کێشەی نوێش دەکات و میکانیزمی گونجاویش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکە دەگرێتە بەر.

ڕەهەندی دووەم: ڕەهەندی پەرچەکردارە (Reactive)، واتە کێشەکە بوونی هەیە و شیکاریستی سیاسی بە دوای میکانیزمی چارەسەریدا دەگەڕێت.

**خەسڵەتی سێیەم:** لە شیکردنەوەی سیاسەتی گشتیەکاندا گرنگی بە بەها، پرەنسیپ، گریمانە و تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان دەدرێت و لە داڕشتنی سیاسەتی گشتیدا بەکاردەهێنرێن، ئەم گرنگیدانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەت ڕەزامەندی هاوڵاتیان دابین دەکات.

**خەسڵەتی چوارەم:** شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی پشت بە میتۆدی بەراوردکاری (Comparative Method) دەبەستێت، ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم میتۆدەش بەراوردکردنێکی زیاتر لە بەدیلێکی سیاسەتی گشتیە، هەروەها بەراوردکردنێکی سیاسەتێکی گشتی لە دوو ژینگەی جیاوازدا، یاخود لە یەک ژینگەدا و لە دوو یان چەند قۆناغی زەمەنی جیاوازدا. مەبەستی سەرەکیش دۆزینەوەی لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان سیاسەتە گشتیەکانە تا سوود لە چارەسەرییەکانی سیاسەتە گشتیە جیاوازەکان وەربگیردرێت.

**خەسڵەتی پێنجەم:** جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی پشت بە کۆمەڵێك میکانیزمی توێژینەوەی زانستی و کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان دەبەستێت، تا پلانێکی سیاسی تۆکمە دابڕێژێت، لە حاڵی حازردا، بەرنامەکانی کۆمپیوتەر و پرۆگرامسازی و بیرکاری ئامرازی باون لە شیکردنەوەی سیاسەتی گشتیدا، بۆ نموونە داڕشتنی نەخشە و مارکێتی شارێک بە کۆمپیوتەر و دواتر جێبەجێکردنی.

**خەسڵەتی شەشەم:** شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی، بایەخی زۆر بە داهێنان و ئافراندن لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا دەدات. هەروەها سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی تر یەکێک لە ڕێگاکانی شیکردنەوە و داڕشتنی سیاسەتی گشتیە. بۆ نموونە لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری سیزاریەن بە ئامرازی لێزەرییەوە لە بڕی نەشتەرگەری تەقەڵ لێدان کە تێکچوونی زۆرتر و لایەنی نەرێنی(Side Effect) مەترسیداریشی هەیە.

**خەسڵەتی حەفتەم:** میتۆدی شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی، میتۆدێکی کراوەیە و سوود لە میتۆدی زانستەکانیتر وەردەگیرێت و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی بەکاریان دێنێت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە سیاسەتی گشتی لە هەڵومەرجی ئاڵۆز و لە ژینگەی ئاڵۆزدا دروست دەکرێت و چەندین لایەن لە دروستکردنی سیاسەتی گشتیدا بەشدارن.

## ئاستەنگەکانی بەردەم شیکر دنەوەی سیاسەتی گشتی

شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە :

1 - شیکاریستی سیاسەتی گشتی بە پەیڕەویکردنی میتۆدی زانستی لە شیکردنەوەی سیاسەتە گشتییەکاندا، ڕووبەرووی کۆمەڵێک کێشەی پراکتیکی لە ئەرزی واقیعدا دەبێتەوە. بۆ نموونە کەمی داتا و زانیارییەکان، یا خود بوونی زانیاری و دەست نەگەشتن پێیان. سەپاندنی سیفەتی نهێنی بەسەر هەندێ بەڵگەنامە و زانیارییەکانی حکومەتدا. نەبوونی توێژینەوەی هاوشێوە یاخود توێژینەوەی پێویست لەسەر کێشەیەک .

2 - شیکاریستی سیاسەتی گشتی، دەتوانێت خەملاندنی تێچوونە مادییەکانی سیاسەتێک یاخود بەرنامە و پرۆژەیەک بکات، بەڵام ناتوانێت خەملاندنی تیچوونە مەعنەوییەکانی ئەم پرۆژەیە

بکات. یاخود ناتوانێت خەملاندنی تێچوونی ڕووداو و پێشهاتە نەخوازراوەکان بکات. بۆ نموونە لە دروستکردنی بەنداوێک لەوانەیە گوندێک لەناو بچێت، تەنانەت ئەگەر قەرەبووی ماددی ئەم کەسانە بکرێت بەڵام ناتوانرێت قەرەبووی مەعنەوی بکرێت. یاخود ناتوانرێت پێش لەگرتنی لافاو لە کاتی دروستکردنی بناغەی بەنداوەکەدا بگیرێت کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکچوونی پرۆژەکە. هەروەها شیکاریستی سیاسەتی گشتی، ناتوانێت خەملاندنی بەدەستهاتووەکانی کۆتایی(العوايد النهائية) جێبەجێکردنی سیاسەتێک بکات .

3 - لەوانەیە شیکاریستی سیاسەتی گشتی، لە دارشتن و شیکردنەوەی سیاسەتێکی نوێدا ڕووبەڕووی بەرپەرچی بەها باوەکانی کۆمەڵگا ببێتەوە و بەهاکانی کۆمەڵگا لەگەڵ بیروبۆچونەکانی ئەو و دارشتنی سیاسەتێکی نوێ نەگونجێت. بۆ نموونە لەناوبردنی گۆرستانێک بۆ دروستکردنی ناوەندێکی بازرگانی .

4 - ململانێی نێوان هێزە کۆمەڵایەتی-سیاسیەکان، بەربەستێکی گرنگە لەبەردەم شیکاریستی سیاسەتی گشتیدا؛ چونکە پێشبینیکردنی ململانێ و نزم بوونەوە و بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێ کاریگەری بەسەر داڕشتن و شیکردنەوەی سیاسەتی گشتیدا دروست دەکات. بۆ نموونە لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٣ لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ نزیکەی هەفت مانگ کابینەی وەزاری پێکنەهێنرا، ئەمەش بەو مانایە دێت کە کابینەی حکومەت ناتوانێ کۆ ببێتەوە و گفتوگۆ لە سەر بەرنامەکانی بکات .

5- هەندێجار کێشەکە جۆرێکە کە شیکاریستی سیاسەتی گشتی زانیاری و پسپۆڕیی پێویستی دەربارەی کێشەکە نییە. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٥ لە ناوچە گەرمیان جۆرە ئافەتێک لە بەرهەمی کشتوکاڵیدا و بووە هۆی وشک بوونەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان. پسپۆڕانی بواری کشتوکاڵ زانیاریان لەسەر ئەمجۆرە ئافەتە نەبووە .

## مەرجەکانی شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی

مادام کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کۆمەڵگایەکی داینامیکە و بە بەردەوام لە گۆڕاندایە، کە واتە سروشتی کێشەکانیش بەردەوام لە گۆڕاندایە بۆیەش نابێت شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی شیکردنەوەیەکی چەق بەستوو و وشک و نەگۆڕ بێت؛ بەڵکو پێویستە بە بەردەوامی لە گۆڕاندا بێت و لەگەڵ دەرهاوێشتەکانی کۆمەڵگادا بگونجێت و وەڵامی ڕاستەقینەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بداتەوە. ئەم خۆگونجانەش پێویستی بە چەند مەرجێک هەیە کە بریتین لە:

1 - پێویستە شیکاریستی سیاسی، پشت بەو زانیاری و داتایانە ببەستێت کە لە میانەی ئەزموونێکی عەمەلی و تاقیکردنەوەدا دەرباز بوو بێت. هەروەها لە قۆناغە سەرەتاییەکانی توێژینەوەدا گرنگی بە گریمانە نەسەلمێنراوەکانیش بدات، چونکە سەرچاوەی ڕێنماییکردنی شیکاریستی سیاسییە . بۆ نموونە لە دەشتی هەولێر ئەگەری ڕۆچوونی خاک زۆرە؛ ئەگەر بێتوو بینای چەندین قات دروست بکرێت تا چەند ئەم خاکە دەتوانێت قورسایی بیناکە تەحومول بکات، یاخود لە کاتی بوومەلەرزەدا زیانی زۆر بەم بینایە نەکەوێت. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەم بارەوە شیکاریستی سیاسەتی گشتی پێویستی بە ڕێنمایی ئەندازیارەکان و شارەزایانی بواری ئاو و جیۆلۆجیستەکان هەیە.

2 - پێویستە شیکاریستی سیاسی پابەندی زانیارییە بەردەستەکانی بێت تا بتوانێت وەسفی بارودۆخی سیاسی بکات. هەروەها توانایی ئەوەی هەبێت کە هۆکار و دەرەنجامەکانی سیاسەتی گشتی پێکەوە گرێ بدات و بتوانێت لە کاتە چارەنووسازەکاندا (حاسم) بڕیاری خێرا بدات. واتە ناکرێت تا ئەو کاتەی کە زانیاری و داتا بوونی هەبێت، پەنا بۆ خەملاندن و مەزەندە کردن ببات.

3 - پێویستە شیکاریستی سیاسی بزانێت کە کۆمەڵگا و ژینگەی دەوروبەری ژینگەیەکی نموونەیی و ئایدیال نییە، بەڵکو جیهانێکی ئاڵۆزە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، بۆیە پێویستە وردبین بێتوو و ڕەچاوی ئاڵۆزیی ژینگەی دەوروبەری بکات. بۆ نموونە ناکرێت، بە بێ ڕەخساندنی هەلی کار موچە بۆ گشت هاوڵاتیان دابین بکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیارەی تەمبەڵی و بێکاری و دواکەوتنی کەرتی ئابوری. یاخود لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر قەیرانێکی دارایی، کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە.

4 - پێویستە شیکاریستی سیاسی، گرنگی بە بەها و باکگراوندی بڕوا و دونیابینی کارەکتەرە سیاسییەکان و خودی شیکەرەوەی سیاسی بدات. چونکە بیروبۆچوونی شیکاریستی سیاسی کاریگەری لەسەر چۆنیەتی شیکردنەوە و داڕشتنی سیاسەتی گشتی دادەنێت. شیکاریستێکی کاپیتالیستگەرا بۆچوونەکانی لەگەڵ شیکاریشتێکی مارکسیستگەرا جیاوازە. شیکاریستی ، کاپیتالیستگەرا گرنگی بە بازاری ئازاد و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و نا-ناوەندگەرایی دەدات بەڵام شیکاریستێکی مارکسیزمی، گرنگی بە ناوەندگەرایی و داڕشتنی بڕیارەکان لە ناوەند دەدات.

## پۆلێنکردنی سیاسەتە گشتییەکا ن

هەر توێژەرێک بە جۆرێکی پۆلێنی سیاسەتە گشتییەکان دەکات. بۆ نموونە سیاسەتی گشتی گەورە و بچووک، سیاسەتی گشتی ڕەنگدەرەوەی بەرژەوەندیی زۆرینە، سیاسەتی گشتی تایبەت بە گروپە بەرژەوەندیخوازەکان یاخود کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان. لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر جۆرەکانی پۆلینکردنی سیاسەتە گشتییەکان .

### یەکەم: سیاسەتە جەوهەرییەکان و سیاسەتە جێبەجێکارییەکان

سیاسەتە جەوهەرییەکان سیاسەتەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، خۆشگوزەرانی، مافە مەدەنییەکان یاخود بیناکردنی بەنداو یان ڕێگاوبانێک لەخۆ دەگرێت. سیاسەتە جێبەجێکارییەکان باس لەوە دەکات کە کێ کارێک ئەنجام بدات و چۆن ئەم کارە ئەنجام بدات. گشت سیاسەتەکانی تەنزیمی دەچنە چوارچێوەی سیاسەتە جێبەجێکارییەکانەوە. بۆ نموونە یاسای ژمارە ( ١٧) ی ساڵی ٢٠١٣، کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی لێکۆڵەرەوانی دادی ژمارە (٨٠) ی ساڵی٢٠١٢ ئیتیحادی لە هەرێمی کوردستان عێراق، یاخود یاسای ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠١٣ کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی یاسای ڕاژەی زانکۆیی فیدراڵی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عێراق، یاخود بڕیارەکانی حکومەت و یاساکانی پەرلەمان لە بواری پاکڕاگرتنی ژینگە و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە دەچێتە قاڵبی سیاسەتی جێبەجێکارییەوە.

سیاسەتە جێبەجێکارییەکان، لە میانەی پیادەکردنیاندا کاریگەریی جەوهەری لەسەر کۆمەڵگادا دروست دەکات .

## دووەم: سیاسەتە دابەشکارییەکان (توزیعی) و سیاستە تەنزیمییەکان

سیاسەتە دابەشکارییەکان ئەو سیاسەتانەن کە خزمەتگوزارییەکان، سوودەکان و سەرچاوەکان و بەرژەوەندییەکان بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش دەکات. هەندێ لەم خزمەتگوزارییانە بەسەر توێژێک لە هاوڵاتیاندا دابەش دەکرێت، بۆ نموونە، هەڵمەتی نەهێشتنی هەژاری، دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی، پێشینەی هاوسەرگیری، یاخود تەرخانکردنی بڕی ٢٥ ملیۆن دینار وەک پێشینەی خانووبەرە بۆ گوندنشینان. هەندێک لەم خزمەتگوزاریانە بۆ گشت هاوڵاتیان دابین دەکرێت وەک ئاو و کارەبا و پێدانی رەگەزنامە. کەواتە سیاسەتە دابەشکارییەکان سەرلەنوێ بەکار هێنانەوەی سامانی گشتی و دابەشکردنییەتی بەسەر توێژێک یان گشت کۆمەڵگادا . ئەم دابەشکردنەی سامانەکان نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانەی لەم سیاسەتە دابەشکارییە سوودمەندن راستەوخۆ لەگەڵ یەکتردا رکابەرێتی بکەن. هەروەها ئەو بەرژەوەندییەی کە دەستەبەری دەکەن لەو باج و روسوماتەوە بەدەست نائێت کە لە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا وەردەگیرێت. کەواتە سیاسەتە دابەشکارییەکان چین و توێژێکی سوودمەند دروست دەکات بەبێ ئەوەی کە ئەم سوودمەندییە لەسەر حسابی کەسانیتر بێت . سیاسەتە تەنزیمییەکان، بە پێی سروشتیان بەربەست و سنور بۆ رەفتار و کردەوەکانی تاکەکان دروست دەکەن . بەم پێیەش سیاسەتە تەنزیمییەکان ئازادی سنوردار دەکەن، بەڵام سیاسەتە دابەشکارییەکان بەگوێرەی ئەوەی کە چ کەسانێک لە سیاسەتەکە سوودمەند بوونە ئازادی بەرفراوان دەکەن. سیاسەتی پاک راگرتنی ژینگە لەهەمان کاتدا کە سیاسەتێکی جێبەجێکارییە، سیاسەتێکی تەنزیمیشە. نموونەی سیاسەتە تەنزیمییەکان: تەنزیمکردنی خێرایی هاتوچۆ، کۆنترۆڵکردنی تاوانەکان، یاسای باج و دەرامەت، یاسای وەبەرهێنان، یاسای دامەزراندنی پارتە سیاسیەکان و سەندیکا و ئەنجوومەنەکان .

## سێیەم: سیاسەتە مادییەکان و سیاسەتە رەمزییەکان

سیاسەتە مادییەکان هەر وەک لە ناوی دەردەکەوێت، بریتین لەو سیاسەتانەی کە دەستکەوتی ماددی یاخود دەستکەوتی مەلموس و هەستپێکراوی هەبێت بۆ نموونە یاسای دیاریکردنی کەمترین پارە بۆ هەر کاتژمێرێک کارکردن دەچێتە قاڵبی سیاسەتی مادییەوە. یاخود بەخشین و و بەرزکردنەوەی پۆستە ئیدارییەکان نموونەی سیاسەتی ماددین . کەواتە لەوانەیە لە سیاسەتە مادییەکاندا لایەنێک هەست بکات زەرەرمەندە و لایەنیتر هەست بکات کە سوودمەندە .

بەپێچەوانەی سیاسەتە مادییەکان، لە سیاسەتی ڕەمزیدا، لایەنەکان هەست ناکەن یاخود زۆر بە کەمی هەست دەکەن کە زەرەرمەند یان سوودمەندن. زۆر جار سیاسەتە مادییەکان بە هۆی خراپ ئیدارەکردنی سیاسەتەکە یاخود بە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکار ناتوانن تێچوونی سیاسەتەکە دابین بکەن، سیاسەتی مادی دەبێت بە سیاسەتی رەمزی. بۆ نموونە، سیاسەتی نیشتەجێکردنی هەرێمی

کوردستان، بەهۆی ناتوانایی حکومەت لە بەڕێوەبردن  و ئیدارەدانی ئەم کەرتە، بووەتە بە سیاسەتێکی ڕەمزی .

**چوارەم: سیاسەتی گشتی  جیانەکرا و  (غیر قابل للتجزئة) و سیاسەتی گشتی لێکجیاکراو :**

بۆ نموونە لە رووی تیۆرییەوە کاتێک کە خزمەتگوزاریی گشتی دابین دەکرێت، دەبێ ئەم  خزمەتگوزاریانە بۆ گشت کۆمەڵگا و بە یەکسانی دابین بکرێت. یا خود سیاسەتی رێکخستنی  هاتوچۆ و بەخۆرایی کردنی خوێندن دەبێ گشت تاکەکانی کۆمەڵگا لەخۆ بگرێت. یاخود  دابینکردنی  ئاسایشی نەتەوەیی، پاککردنەوەی شار و کۆکردنەوەی پاشماوە و زبڵ بۆ گشت  تاکەکانی کۆمەڵگایە .  بەڵام باجی پیشە یاخود دابینکردنی مووچە بۆ کەم ئەندامان تەنیا چینێکی  دیارکراوی کۆمەڵگا دەگرێتەوە.

**پێنجەم: سیاسەتی بونیاتنانەوەیی**

مەبەست لەم سیاسەتە،  دامەزراندنی دام و دەزگایەکی حکومی یان داخستنی دامودەزگایەک یان  گۆڕینی شێوازی سیاسەتی دامەزراوەیەک دێت. بۆ نموونە دامەزراندنی وەزارەتی مافی مرۆڤ  لە کابینەی پێنجەم و داخستنی ئەم وەزارەتە لە کابینەکانی دواتر.

**پەیوەندی نێوان ژینگە و سیاسەتی گشتی**

هەروەک  باسمانکرد سیاسەتی گشتی هەڵقوڵاوی ژینگەی ناوخۆ و دەرەوەی کۆمەڵگایە، کۆمەڵێک  فاکتەر، کاریگەری لەسەر دارێژەری سیاسەتی گشتی و خودی سیاسەتی گشتیدا  دروست دەکەن ، ئەم فاکتەرانە بریتین لە :

- فاکتەری کولتوریی- سیاسی

- فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابوریی

- فاکتەری گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان (دەرەکی) .

لە دارێشتنی سیاسەتە گشتییەکاندا پێویستە گرنگی بە هەر یەک لەم فاکتەرانەی سەرەوە بدرێت  چونکە :
١- سیاسەتە گشتتیەکان ناتوانن کارا و کاریگەر بن ئەگەر رەچاوی دۆخی ژینگەیی دەوروبەری خۆی نەکات .

٢ - لە ژینگەیەکی تایبەتدا، سیاسەتێکی گشتی سەرچاوە دەگرێت و لە میانەی کەناڵە فەرمی و نافەرمییەکانەوە دەچێتە ناو سیستەمی سیاسیدا .

٣- هەندێ جار لە لایەن ژینگەوە توانایی دارێژەی سیاسەتە گشتییەکان سنوردار دەکرێت .

٤- خەسڵەتە جیوگرافیاییەکانی وڵات، قەبارەی سەرچاوەکان، ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتوریی کاریگەری لەسەر چۆنیەتی دارێشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دادەنێت .

**یەکەم کاریگەریی فاکتەری کولتوری سیاسیی**

کولتوری سیاسیی بەشێکە لە کولتوری گشتی کۆمەڵگا. واتە جۆری پەیوەندیی لە نێوان هاوڵاتی و حکومەت و ئەو بەها و هەڵوێستانەی کە کۆمەڵگا و حکومەت لە کایەی سیاسیدا دەگرنەبەر .

ئەڵمون دوو جۆرە کولتوری سیاسیی کە پەیوەستن بە پرسەکانی سیاسەتی گشتی لێکجیا دەکاتەوە :

**یەکەم:** کولتوری سیاسیی تەوافوقی: واتە ئەو کولتورەی کە لە میانەیدا هاولاتیان بە سازان و رێکەوتن دەگەن و جۆرە روانگەیەکی هاوبەشیان سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان و کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا هەیە .
**دووەم:** کولتوریی سیاسی ململانێی: لەمجۆرە کولتورەدا هاوڵاتیان بەسەر چەندین لایەندا دابەش بوونە و روانگەیەکی هاوبەشیان سەبارەت بە کۆی گشتی سیستەمی سیاسی و پرسە سیاسی و ئابورییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کیشەکان نییە. واتە کۆمەڵگایەکی پەرتەوازەیە .

**دووەم: فاکتەریی ئابوری- کۆمەڵایەتی**

ناکرێت فاکتەرە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان لێکجیا بکرێنەوە. چونکە هەر وەک باسمانکرد سیاسەتی گشتی لە دەرەنجامی ململانێی هێزە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان کە ئەم بەرژەوەندیانە بە پلەی سەرەکی بەرژەوەندی ئابورین. زیاد لەمەش ڕادەی سەرچاوە سروشتییەکان و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و جۆری ئابوری (پیشەسازیی، کشتوکاڵ، بازرگانی) کاریگەریی لەسەر رادەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و دروستکردنی چینە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان دادەنێت. ئەمەو سەرەڕای پەیوەندی راستەخۆ لە نێوان جۆری پێکهاتەی کۆمەڵگا و کاریگەریی لەسەر پێشکەوتنی ئابوری کۆمەڵگاکە. بۆ نموونە، رادەی بەرزی خوێندەواریی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی تاکەکەسی و پێشکەوتنی کەرتی ئابوری کۆمەڵگا. لە هەما ن کاتدا، ئاستی سەرچاوە مادیی و ئابورییەکانی کۆمەڵگا کاریگەریی لەسەر ئاست و جۆری سیستەمی پەروەردە دروست دەکات. کاریگەری فاکتەریی کۆمەڵایەتی-ئابوری لەسەر سیاسەتی گشتیدا لەو سیاسەتە ئابوریانەدا دەردەکەوێت کە حکومەت لە پێناو بوژانەوەی کەرتی ئابوریدا دەگرێتەبەر. بۆ نموونە، سیاسەتەکانی تایبەت بە بیمەی کۆمەڵایەتی، یاخود دیارکردنی رێژەی باج و جۆرەکانی باج. سیاسەتەکانی تایبەت بە دەوڵەتی خۆشگوزەران. گشت ئەم سیاسەتانە سیاسەتی ئابورین کە دەرنجامی ئابوری-کۆمەڵایەتی لیدەکەوێتەوە. بەم جۆرەش بۆمان دەردەکەویت کە ئێمە ناتوانین سیاسەتێکی گشتی بە بێ رەچاوکردنی فاکتەرە کۆمەڵایەتی-ئابورییەکان دابڕێژین .

**سێیەم: فاکتەری گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان**

دوای نەمانی ململانێی ئایدیۆلۆژییەکان و ڕووخانی جەمسەربەندی جیهانی و سەرهەڵدانی چەمکی بەجیهانیبوون، زۆر پرس بوونەتە پرسی جیهانی. پرسی وەک تیرۆر، پیسبوونی ژینگە، هەژاریی، کۆچ، چەکی کۆمەڵکوژ، توانەوەی بەستەڵەکی جەمسەری باکور و باشور، گەرمبوونەوەی گۆی زەوی و مافی مرۆڤ پرسی جیهانین و کاریگەری لەسەر داڕشتنی سیاسەتی گشتی وڵاتاندا دروست دەکات. هاوکات، لە سەردەمی ئەمرۆدا، هیچ وڵاتێک ناتوانێت قۆناغەکانی پێشکەوتن بە دوورەپەریزێ لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ببڕێت. بەم مانایەش وڵاتان بۆ پێشکەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستە سیاسەتی پشت بەیەکتر بەستنی دوولایەنە پەیرەو بکەن .

## لایەنە بەشدارەکانی داڕێشتنی سیاسەتی گشتی

لە کۆمەڵگایەکی فرەیی و دیموکراسیدا کە ململانێی ئازاد تێدا بوونی هەبێت، ئەو لایەنانەی کە بەشداری لە داڕێشتی سیاسەتە گشتییەکاندا دەکەن زۆر و جۆراوجۆرن و هەر یەک لەم لایەنانەش چ لە ناوخۆ یاخود لە دەرەوەی خۆیدا ململانێی یەکتر دەکەن ؛ لە هەمان کاتدا هاوکاری یەکتریش دەکەن. گشت ئەو لایانانەی کە دەکەونە ناوەوەی دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت کە بە پلەی سەرەکی بریتین لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن و دامەزراوە کارگێڕییەکان، لەگەڵ ئەو لایانەی کە دەکەونە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت وەک پارتە سیاسییەکان، گروپەکانی گوشار، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هاوڵاتیان، لایەنی بەشدارن لە داڕێشتنی سیاسەتی گشتیدا.

کەواتە دوو لەیەن هەن لە داڕێشتنی سیاسەت گشتیدا : یەکەم: داڕێژەرە فەرمییەکان کە بە پلەی سەرەکی بریتین لە دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادگاکان و دامەزراوە بیرۆکراتیکەکان. دووەم: داڕێژەرە نافەرمییەکان کە بریتین لە پارتە سیاسییەکان، گروپەکانی گوشار، گروپی بەرژەوەندیخواز و هاوڵاتیان.

## یەکەم: دا ڕێژەرە فەرمییەکانی سیاسەتی گشتی

داڕێژەرە فە رمییەکان گشت ئەو لایەن و دامودەزگایانەن کە بە پێی دەستور و یاسا دەتوانن سیاسەتی گشتی وڵات دیار بکەن. بۆ نموونە، سەرۆکی هەرێم، سەرۆک وەزیران، پەرلەمانتاران، دادوەران و دەسەڵاتی دادوەری و کارگێڕیی. هەر یەک لەم لایەن و دامەزراوانە دەسەڵات و سەلاحیاتی دیارکراو و سنورداریان هەیە. لایە نە فەرمییەکان بەم شێوەی خووارەوە لە داڕێشتنی سیاسەتە گشتییەکاندا بەشدارن :

1 - یاساداڕێژەکان

یاساداڕێژەکان بریتین لە پەرلەمانتار یاخود ئە نجوومەنی یاسادانانی هەر وڵات یان ویلایەتیک و هەرێمێک. هەندێجار ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش دەکرێت بخرێنە چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسادانانەوە. ئەمانە ئەو پرسانەی کە بۆ کۆمەڵگا یاخود بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی گرنگن دەخەنە بەر باس و دواتر وەک یاسایەک دەریدەکەن. دەرچوونی بڕیار واتە یاسا داڕێشتن و خەسڵەتی ئیلزامی وەردەگرێت و دەبێ حکومەت و گشت تاکەکانی کۆمەڵگا پێوە پابەند بن. هەر یاسایەک کە دەردەچێت دەبێ جێبەجێ بکرێت. جێبەجێکردنی یاساکان هەم پابەندە بە باڵا دەستی و بەهێزی دەسەڵاتی یاسادانان، هەمیش بە ویست وهێزی دەسەڵات و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە جێبەجێکردنی یاساکان. کەواتە سیستەمی سیاسی چ جۆرە سیستەمێکە کار لە چۆنیەتی دەرکردنی یاساکان و جێبەجێکردنی یاساکان دەکات.

### 2 - جێبەجێکارەکان:

ئەمانەش ئەو کەسانەن کە بە نازناوی جیاواز لە دامەزراوە حکومییەکاندا کار دەکەن، وەک سەرۆک، سەرۆک وەزیر، وەزیر و راوێژکارەکان کە هەم یاساکانی پەرلەمان جێبەجێ دەکەن و هەمیش خۆیان بڕیار دادەڕێژن و جێبەجێیا ن دەکەن. دەسەڵاتی سەرۆک لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکیتر جیاوازە. لە وڵاتێکی وەک ئێران ئەگەرچی سەرۆک وەزیران هەیە، بەڵام دەسەلاتی رێبەری شۆڕش بەرفراوانترن. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرۆک دەسەڵاتی بەرفراوانی هەیە . لە وڵاتێکی وەک عێراق دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار، دەسەڵاتی تەشریفاتین و سەرۆک وەزیران دەسەلاتی راستەقینەی هەیە .

### 3 - دامەزراوە کارگێڕییەکان:

ئەمانەش دامەزراوە بیرۆکراتیکەکانی حکومەتن کە بە پلەی یەکەم کاریان جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکانە. ئەم دامەزراوانەش توانای دەرکردنی بڕیاریان هەیە و بڕیارەکانی سەرووی خۆشیان جێبەجێ دەکەن. بۆ نموونە کاتێک کە وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیار دەدات کە قوتابیان بە شێوازی زانکۆ لاین وەرگرن، ئەگەرچی ئەم بڕیارە، بڕیارێ حکومییە ، بەڵام دەکرێت تەنیا لە لایە ن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەربکرێت و جێبەجێ بکرێت، بە بێ ئەوەی کە پێویستی بە یاسایەکی پەرلەمان یاخود دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەبێت . زۆرجار دامەزراوەکانی یاسادانان و حکومەت تەنیا بڕیار و یاساکان دەردەکەن، بەڵام چونکە دامەزراوە کارگێڕییەکان خاوەن پسپۆڕیی و لێهاتووین، خۆیان هەڵدەستن بە گرتنەبەری ئەو میکانیزمانەی کە بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و یاساکان پێویستە.

### 4 - دادگاکان:

ئەمانەش ئەو دامەزراوانەن کە یاساکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان دەردەکەن. دادوەر لە رێگای بەکارهێنانی دەسەڵاتی لە لێکدانەوە و شرۆڤەکانی بڕیار و یاساکاندا رۆڵیکی گرنگ لە یەکلاکردنەوەی سیاسەتە گشتییەکانی وڵاتدا دەگێڕێت. بۆنموونە لە پرسی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٥ ، کە لایەنە سیاسییەکان ناکۆکبوون لەسەر مانەوە یان نەمانەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان فەرمانی بە مانەوەی سەرۆکی هەرێم بۆ دوو ساڵی دەرکرد و فەرمانەکەش سیفەتی ئیلزامی هەبوو. دادوەر و دادگاکان لە لێکدانەوەی یاسا و بڕیارەکانی حکومە ت رۆڵی سەرەکی لە ئاراستەکردنی سیاسەتی گشتیدا دەگێڕن بەوەی کە ئایا :

یەکەم: ئایا سیا سەتە گشتییەکان لەگەڵ دەستوری وڵاتدا دەگونجێن یان نا ؟

دووەم: ناوبژیوانی کردن لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکار، ئەگەر هاتوو ناکۆکیەک لەسەر یاسایەک روویدا.

سێیەم: دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی بڕیارە شەرعییەکان.

چوارەم: هەڵسەنگاندنی داڕێشتنی سیاسەتی گشتی. بۆ نموونە بوونی داواکاری گشتی، ئاماژەیەکە بە گرنگی رۆڵی دادگا لە یەکلاکردنەوەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکان کە خودی ئەم یاسانە بریتین لە سیاسەتی گشتی وڵات.

**دووەم: دا ڕێژەرە نافەرمییەکانی سیاسەتی گشتی**

ئەم دەستەیە بەهۆی ئەو هێزەی کە لە ناو کۆمەڵگادا هەیانە گوشار دەخەنە سەر لایەنە فەرمییەکان بە تایبەتیش بۆسەر حکومەت تا سیاسەتێک دابڕێژێت کە لە میانەیدا بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت. ئەگەرچی ئەم دەستەیە خاوەن دەسەڵاتی فەرمی نین و لایەنی فەرمیش نین لە داڕێشتنی سیاسەتی گشتیدا، بەڵام دەتوانن تا رادەیەکی زۆر ئاراستەی سیاسەتی گشتی دیار بکەن. ئەم دەستە و لایەنە نافەرمیانە بریتین لە :

1- **گروپە خاوەن بەرژەوەندییەکان و گروپەکانی گوشار:**

ئەم گروپانە دەتوانن بە راشکاوی و بە ناراشکاوی بە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، لە ڕێگەی ئەو ئامرازانەی کە لەبەردەستیاندایە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و گوشاری سیاسی لەسەر حکومەت و لایەنە فەرمییەکانی داڕێشتنی سیاسەتی گشتیدا دروست بکەن تا ئامانجەکانیان دەستەبەر بکەن . ئەم گروپانە دەتوانن ڕێگر بن لە دەرکردنی بڕیارێک یاخود گوشار دروست بکەن بۆ دەرکردنی بڕیارێک. ئەم گرووپانە دوو جۆرن :

**یەکەم: بەرژەوەندیخوازە مادییەکان:** ئەمانەش هەوڵ دەدەن کە دەستکەوتی مادی نوێ دەستەبەر بکەن یاخود پارێزگاری لە دەستکەوتە مادییە کۆنەکانیان بکەن. بۆ نموونە ژووری بازرگانان، ڕێکخراوە پیشەییەکان، سەندیکای کیمیاناسان ، سەندیکای ئەندازیاران.

**دووەم: بەرژەوەندیخوازە مەعنەوییەکان:** ئەمانە زۆرتر گرنگی بە لایەنی کلتوری و پاراستنی داب و نەریت و هێنانەدی کلتورێکی نوێ دەدەن و هەولی بەرگریکردن لە بنەما ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی دەدەن. بۆ نموونە، ئەنجوومەنی دایکان و باوکان لە قوتابخانەکان، مزگەوتەکان، ڕێکخراوەکانی ژینگە پارێزی، ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی ئاژەل، گروپەکانی پەرتووک خویندنەوە . رۆلی گروپە بەرژەوەندیخوازەکان لە داڕێشتنی سیاسەتی گشتیدا بەم جۆرەی خوارەوەیە :

- گر وپە بەرژەوەندیخوازەکان لەبارەی چەند پرسێک زۆر شارەزان و هەوڵ دەدەن، داواکارییەکانیان لەسەر چەند پرسیکی گرنگ بۆ داڕێژەرانی سیاسەتی گشتی بەرز بکەنەوە. بۆ نموونە شارەزایانی بواری ئاو حکومەت لە مەترسییەکانی وشکە ساڵی و ئەگەری سەرهەڵدانی ، وشکەساڵی ئاگادار دەکەنەوە پێشنیارەکان بۆ ڕووبەروو بوونەوە و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەخەنەڕوو، حکومەت خوێندنەوە بۆ پێشنیارەکان دەکات و وەک سیاسەتێکی گشتی دایدەرێژێتەوە. - زۆرجا ر گروپە بەرژەوەندیخوازەکان زانیاری تەکنیکی و پیشەیی دەخەنەبەردەم داڕێژەرانی سیاسەتی گشتی. بۆ نموونە لە بواری نەوتدا، راوێژکاران ئە و سەرنجە دەخەنە بەردەم حکومەت کە جیولۆجیای هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچە دەشتاییەکانی وڵاتانیتر جیاوازە، بۆیە دەرهێنانی نەوت لە ئاستێکی قووڵتری زەویدایە، ئەمەش وا دەکات کە تێچوونی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی زۆرتر بێت. کەچی لە بازاری جیهانیدا بە هەمان نرخی جیهانی بفرۆشرێتەوە . - زۆرجار خودی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێک پەنا دەباتە بەر گروپەکانی گوشار، دەکرێت ئەم گروپە گوشارانە بەرچاو بن. بۆ نموونە، داواکردن لە پیاوانی ئایینی کە لە گوتاری رۆژی هەینی باس لە پێکەوە ژیان بکەن . لە راستیدا رۆڵی گروپی گوشار لە داڕێشتنی سیاسەتی گشتیدا، بەندە بە کراوەیی

و داخراوەیی کۆمەڵگا، رادەی چالاکبوونی و ئالۆزبوونی کۆمەڵگا و سەختی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکان و جۆری ململانێی سیاسی-کۆمەڵایەتی- ئابورییەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە .

**-2پارتە سیاسییەکان:**

گرنگترین رێکخراوی کۆمەڵایەتی-سیاسی ناو کۆمەڵگادا بریتین لە پارتە سیاسییەکان، پارتە سیاسییەکان کۆمەڵێک ئەرکیان هەیە کە لە میانەی بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکانە کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی دارێشتنی سیاسەتی گشتیدا دروست دەکەن. ئەم ئەرکانەش بریتین لە : -

- کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان: واتە پارتی سیاسی بە رژەوەندی چین و توێژە جوراوجۆرەکانی کۆمەڵگا کۆدەکاتە وە و وەک داوکارییەک دەخاتە بەردەم حکومەت. بە واتایەکیتر پارتی سیاسی وەک پردی پەیوەندی لە نێوان حکومەت و کۆمەڵگادا کار دەکا ت.

- گواستنەوەی سیاسەتەکانی حکومەت بۆ کۆمەڵگا و کۆ کردنەوەی زانیاری لەسەر بیروبۆچوونی خەڵک سەبارەت بە سیاسەتەکانی حکومەت .

لە راستیدا کاتێک کە باس لە رۆڵی پارتە سیاسییەکان دەکەین، مەبەست ئەو کۆمەڵگایانەن کە تێدا زۆرتر لە یەک پارتی سیاسی بونی هەیە و ململانێ و هەڵبژاردنەکان بە ئازادانە و رێکو پێکی ئەنجام دەدرێت .

**3- هاوڵاتی:**

هاوڵاتیان چ وەک تاک چ لە رێگەی ئەندام بوون لە رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی و بەشدار بوون لە کۆر و کۆبوونەوەکاندا ، کاریگەری لەسەر دارێشتنی سیاسەتی گشتیدا دروست دەکات. ، بۆ نموونە زۆرجار سیاسەتە ئابورییەکان لە لایەن ئابووریناسێکەوە پێشنیاز دەکرێت. یاخود دەکرێت سیاسەتی نەهێشتنی هەژاری و برسێتی لە لایەن کەسێکەوە پێشنیاز بکرێت. ئەگەرچی زۆرجار ڕەچاوەی رۆڵی هاوڵاتی لە دارێشتنی سیاسەتی گشتیدا ناکرێت، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە بە تەواوەتی رووڵی هاوڵاتی پشتگوێ د ەخرێت. بۆ نموونە بەشداریکردن یاخود نەکردنی هاوڵاتیان لە بابەتی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کە لە ٢٥-٩-٢٠١٧ بەڕێوەچوو، وەرگرتنی رای هاوڵاتیان بوو لەسەر داهاتووی هەرێمی کوردستان.

**مۆدێلی نوخبە**

ئەم تیۆرییە لە دژی تیۆری ململانێی کارول مارکس سەریهەڵدا. بە پێی ئەم مۆدێلە سیاسەت بارودۆخ و ئەولەویاتی کۆمەڵگا دیاریدەکات و سیاسەت لەسەرووی گشت ئەولەوییەتەکانیترەوە دێت؛ چونکە مرۆڤەکان هەر لە یەکەم چرکەساتی لە دایکبوونیان لێک جیاوازن، ئەم جیاوازیەش شتێکی سروشتییە، هەر بۆیەش هەندێ کەس دەسەڵات دەگرنە دەست و دەبنە فەرمانڕەوا، ئەوانیتریش دەبن ژێر دەست. بە پێی ئەم مۆدێلە سیاسەتی گشتی بە گوێرەی ویستی خەڵک و دابینکردنی داواکارییەکانی خەڵک دانانرێژرێت بەڵکو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نوخبەی دەسەڵاتدار دادەرێژرێت . لەم مۆدێلەدا خەڵک زانیاری تەواویان لەسەر پرسە سیاسییەکان نییە، هەر بۆیەش نوخبە بیروبۆچوونی ئەوان سەبارەت بە سیاسەتە گشتییەکان ئاراستە دەکەن و خەڵکیش کاریگەری کەمی بەسەر نوخبەوە هەیە، بەڵام نوخبە کاریگەری زۆرتری بەسەر خەڵکدا هەیە.

نوخبەی سیاسی رای گشتی بە جۆرێک جۆش دەدات کە بتوانێت لە رێگەیەوە بەرژەوەندییەکانی خۆی دابین بکات. کەواتە بە پێی ئەم مۆدێلە سیاسەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە دانارێژرێت بەڵکو لە سەرەوە بۆ خوارەوە دادەرێژرێت. هەر سیاسەتێکیش کە دادەرێژرێت رەنگدانەوەی بەرژەوەندی و بەهای نوخبەی دەسەڵاتدارە نەک بەرژەوەندی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا * .تایبە تمەندییەکانی مۆدێلی نوخبە بەم شێوەیە:

1 - ئەم مۆدێلە کۆمەڵگا بەسەر دوو چیندا دابەش دەکات :چینی یەکەم، چینێکی لە رووی ژمارەوە کەمن، بەڵام خاوەن رێکخستنی بەهێزن و ئامرازی مادی و دەستڕۆیی کۆمەڵایەتیان هەیە و بڕیارە سیاسییەکان دادەرێژن .چینی دووەم: لە رووی ژمارەوە بەرفراوانن، بەاڵم لە رووی رێکخستنەوە بێهێزن و دەسەڵاتیان بەدەستەوە نییە.
2 - نوخبە بەها و ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگا دەستنیشان دەکات و جەماوەر جێبەجێی دەکات.
3 - ژمارەیەک لە ئەندامانی چینی جەماوەر دەتوانێت بچێتە ناو چینی نوخبەدا و دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام ئەم چوونە ناوەیە زۆر لەسەرخۆیە تا هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر سیستەمی سیاسی دروست نەکات.
4 - تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن بچنە ناو چینی نوخبەدا کە دان بە بەها و ئایدیۆلۆژیای نوخبەدا بنێن.
5 - ئەو گۆڕانکارییەکانی کە بەسەر سیاسەتە گشتییەکاندا دێن، گۆڕانی لەسەرخۆن نەک ریشەیی .

***کاریگەری مۆدێلی نوخبەکان لەسەر سیاسەتی گشتی –**

بە پێی مۆدێلی نوخبەگەرایی جەماوەر هیچ کاریگەریەک لەسەر داڕێشتنی سیاسەتی گشتیدا دروست ناکەن، بەڵکو سیاسەتی گشتی بە پێی گۆڕانی بۆچوونی نوخبە لەهەمبەر بەرژەوەندی و بەهاکانی خۆیان و کۆمەڵگادا، گۆڕانی بەسەردا دێت - .چونکە نوخبە پارێزگاری لە بارودۆخی بەرقەرار دەکات بۆیە گۆڕانی سیاسەتی گشتی گۆڕانێکی لەسەرخۆیە نەک بە شێوەی شۆڕشگێڕانە بێت. بە پێی ئەم مۆدێلە سیاسەتی گشتی بە بەردەوامی هەموار دەکریتەوە بەڵام بە کەمی گۆڕانی بەسەردا دێت. گۆڕان کاتێک رووو دەدات کە هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتی نوخبەی سیاسی بێتەکایەوە و نوخبە بۆ پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان کۆمەڵێک گۆڕانکاری ئەنجام دەدات - .مۆدێلی نوخبە دژی خۆشگوزەرانی جەماوەر نییە، بەڵکو لەو بڕوایەدایە کە بەرپرسیارێتی دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ جەماوەر لە ئەستۆی نوخبەی دەسەڵاتدار دایە نەک لە ئەستۆی خودی جەماوەر، چونکە هەر وەک ئاماژەمان پێدا جەماوەر زانیاری کەمی لەسەر سیاسەت هەیە - .بە پێی مۆدێلی نوخبەگەرایی، جەماوەر بە نائاگا و زوو هەڵچوو (منفعل) هەژمار دەکات. هەر بۆیەش نوخبە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی نوخبە دروست بکات .هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و رکابەرێتی حزبی، پرۆسەیەکن بۆ کاریگەری نواندنە سەر جەماوەر لە پێناو مانەوەی نوخبە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی .
نوخبە فەرمانبەران جەماوەر *

**چارت رایت میلز و مۆدێلی نوخبە**

بە پێی بۆچوونی میلز، چینی بۆرژوازی سەرمایەدار کە لەسەری نۆزدەیەمدا، وەک چینی باڵا دەست دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، پێگەی خۆی بۆ بەڕێوەبەران و تەکنۆکراتەکان بەخشی .ئاڵۆزی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆیی و سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو، پێویستی بەو پسپۆرانە هەیە کە بتوانن دامەزراوەکان بەڕێوە ببەن و هەماهەنگی لە نێوان بەرهەمهێنان و کەرتی خزمەتگوزاریی و چالاکییە نەتەوایەتییەکاندا

دروست بکەن. توانای ئەم بەڕێوەبەرانە هەڵقوڵاوی ئەو زانستەیە کە هەیانە. هەر بۆیەش بەرەبەرە کۆمەڵگا بەرەو تەکنۆکراسی هەنگاو دەنێت و شۆڕشەکانی داهاتوش شۆڕشی کرێکاری نابن، بەڵکو شۆڕش لە چۆنیەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادایە. هەر بۆیەش چینی نویێ نوخبە لەو کەسانە پێکدێت کە لە گۆڕەپانی سیاسەت، پیشەسازیی و سوپادا کار دەکەن. بەم جۆرەش کاروباری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە نێوان سیاسەتمەدار، تەکنۆکرات و سوپاسالارەکاندا دابەش دەبێت و هەر یەک لەم سێ کۆچکەیە هەوڵ دەدەن پانتای دەسەڵاتیان بەرفراوان بکەن. لە گشت حاڵەتەکدا ئەم سێ تاقمە نوخبەیە شوێنی چینی کۆنی نوخبە دەگرنەوە، بەڵام هەمان ڕۆڵی نوخبەی کۆن دەگێڕن و کۆمەڵگا بەسەر دوو چینێ نوخبە و جەماوەردا دابەش دەبێت:

**مۆدێلی دامەزراوەیی**

لەم مۆدێلەدا دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت سیاسەتە گشتییەکان دادەڕێژن. ئەم دامەزراوانە بریتین لە دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری، ئەنجوومەنی پارێزگا و شارەکان. بە پێی ئەم مۆدێلە سیاسەتێک نابێتە سیاسەتی گشتی ئەگەر لە لایەن ئەم دامەزراوە حکومی یەکانەوە تەبەنی نەکرێت و جێبەجی نەکرێت . ئەمەش بەو هۆیەوە کە دامەزراوە حکومییەکان سێ خەسڵەتی تایبەتیان هەیە کە لە دامەزراوەکانیتردا، دەکرێت بە بەرفراوانی، بوونی نییە :یەکەم: شەرعیەت واتە حکومەت شەرعیەت بە سیاسەتە گشتییەکان دەبەخشێت. هەر سیاسەتێک پشتیوانی یاسایی هەیە و دەبێ هاوڵاتیان پابەندی سیاسەتەکە بن. خەسڵەتی یاسای بوونیش خەسڵەتێکە تەنیا حکومەت دەتوانێت بە سیاسەتە گشتییەکان ببەخشێت. هاوڵاتیان دەتوانن سیاسەتی ڕێکخراوە کۆمەڵآیەتی-سیاسییەکانی وەک مزگەوت، کەنیسە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە گرنگ و ناچاریکەر هەژمار نەکەن، بەڵام سیاسەتەکانی حکومەت خەسڵەتی ئیلتیزامی- یاسایان هەیە.

**یەکەم: شەرعیەت**

واتە حکومەت شەرعیەت بە سیاسەتە گشتییەکان دەبەخشێت. هەر سیاسەتێک پشتیوانی یاسایی هەیە و دەبێ هاوڵاتیان پابەندی سیاسەتەکە بن. خەسڵەتی یاسای بوونیش خەسڵەتێکە تەنیا حکومەت دەتوانێت بە سیاسەتە گشتییەکان ببەخشێت. هاوڵاتیان دەتوانن سیاسەتی ڕێکخراوە کۆمەڵاتی-سیاسییەکانی وەک مزگەوت، کەنیسە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە گرنگ و ناچاریکەر هەژمار نەکەن، بەڵام سیاسەتەکانی حکومەت خەسڵەتی ئیلتیزامی- یاسایان هەیە.

**دووەم: گشتگیربوونی سیاسەتی گشتی (الشمولية):-**

سیاسەتی گشتی سیاسەتێکە کەبەسەر گشت ئەندامانی کۆمەڵگادا بە یەکسانی جێبەجێ دەکرێت (کۆمەڵێک سیاسەت تەنیا بەسەر توێژێکی دیارکراوی کۆمەڵگادا جێبەجێ دەکرێت)، بەڵام سیاسەتی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان تەنیا بەسەر توێژێکی دیاریکراودا جێبەجێ دەکرێت.

**سێیەم: سەپاندن وناچارکردن**

حکومەت دەتوانێت ئەو کەسانەی کە پابەندی سیاسەتە گشتییەکان نەبن، سزا بدات. چونکە تەنیا حکومەتە کە ئامرازی سزادانی لەبەر دەستدایە. دەکرێت ڕێکخراوەکانیتریش ئامرازی سزادانیان هەبێت؛ بۆ نموونە دەرکردنی ئەندامێک لە ڕێکخراوێکدا. بەڵام ئەم جۆرە سزادانە جیاوازە لە سزادانی حکومەت. بۆ نموونە، حکومەت ناتوانێت هاوڵاتی لە وڵاتی خۆی دەربکات بەڵام دەتوانێ بەندی بکات، کەچی ڕێکخراوەکانیتر ناتوانن ئەندامەکانیان بەند بکەن. لە لایەکیترەوە، گشت هاوڵاتیان پابەندی ئەم دەسەڵاتە ناچارکەرەی حکومەتن .کەواتە پەیوەندی نێوان سیاسەتی گشتی و دامەزراوە حکومییەکان پەیوەندییەکی زۆر نزیکە .چونکە کاتێک سیاسەتێک دەبێتە سیاسەتی گشتی کە لە لایەن دامەزراوەکانی حکومەتەوە پەسەند بکرێت، بچێتە بواری جێبەجێکردن و چەندین دامەزراوەی حکومی سیاسەتەکە جێبەجێ بکەن .

مۆدێلی دامەزراوەیی کاریگەری گرنگی لەسەر سیاسەتی گشتیدا هەیە؛ چونکە لە ڕێگەی ئەم مۆدێلەوە دەکرێت کۆمەڵێک پرسیار بوروژێنرێت وەک ئەوەی کە ئایا سیستەمی حکومەتی فیدرالی باشترە یاخود حکومەتی ساکاری ناوەندی؟ چۆن دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان دامەزراوە نیشتیمانی و مەحەلییەکاندا دەتوانن کارایی سیاسەتی گشتی بەرز بکەنەوە؟ بە واتایەکیتر پەیوەندی لە نێوانستراکتۆر و کارکردی سیستەمی سیاسی چییە؟

مۆدێلی پرۆسە (داڕشتنی سیاسەت وەک چالاکیەکی سیاسی):-

ڕەفتاری سیاسی و چالاکی گروپە بەرژەوەندیخوازەکان، پارتە سیاسییەکان، بیرۆکراتەکان، دادوەر و سەرۆک کۆمارەکان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بابەتی سەرەکی زانستی سیاسەت بووە. هەر یەک لە زانایانی سیاسەتی گشتی بۆچوونێکی تایبەتیان سەبارەت بە قۆناغە جیاوازەکانی داڕشتنی سیاسەتی گشتیدا هەیە. بە پێی ئەم بۆچوونە لە سیاسەتی گشتیدا پێویستە تەرکیز بخرێتە سەر قۆناغەکانی داڕشتنی سیاسەتی گشتی. لێرە بە کورتی ئاماژە بەم شێواز دەکەین .

دەستنیشانکردنی کێشە: واتە ئەو کێشانە دیاری دەکرێن کە ڕای گشتی گرنگی پێ دەدات و داوادەکرێت حکومەت چارەسەریان بکات.

ئەجندای سیاسەتی گشتی: بڕیاردان لەبارەی ئەوەی کە چ کێشەیەک ئەولەویەتی پێبدرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت و ببێتە سیاسەتی گشتی .

دیارکردنی ئامانجەکان: داڕشتنی سیاسەتێک بۆ چارسەرکردنی کێشەکان .

دەستەبەرکردنی مەشروعییەت: واتە دەستەبەرکردنی پشتیوانی و ڕەزامەندی جەماوەری تا سیاسەتەکە بە یاسایی بکرێت.

جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی: دیاریکردنی لایەنە کارگێڕییەکانی بەرپرس لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکە، دیارکردنی بڕی تێچوون و میکانیزمەکان.

هەڵسەنگاندن: بەدواداچوون بۆ قۆناغەکانی جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی سیاسەتی گشتی لەسەر گروپە بە ئامانجگیراوەکان، خستنەڕووی پێشنیارەکان و گۆڕانکارییەکان.

بەکورتی بە پێی ئەم مۆدێلە سیاسەت بریتیە لە پرۆسەیەک کە تێیدا قۆناغە جیاوازەکانی دارشتنی سیاسەت دەبێ دەستنیشان بکرێن. زۆرجار ئەو میکانیزم و پرۆسەیەیەی کە حکومەت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتیک دەگرێتە بەر دەتوانێ کاریگەری لەسەر ناوڕۆکی خودی سیاسەتەکە دروست بکات.

**هەڵسەنگاندنی سیاسەتی گشتی (تقييم السياسة العامة):-**

هەڵسەنگاندنی سیاسەتی گشتی ، واتە زانینی دەرەنجامەکانی سیاسەتی گشتی. بە واتایەکیتر، هەڵسەنگاندنی سیاسەتی گشتی بریتییە لە زانینی کاریگەرییە گشتییەکانی پرۆگرامێکی نەتەوەیی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی، یاخود زانینی کاریگەرییە ڕێژەییەکانی یەک یان چەند پرۆگرامێک لە دەستەبەرکردنی ئامانجە هاوبەشەکان. مەبەستی سەرەکی لە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی گشتی بریتییە لە وەڵامدانەوەی حکومەت و بەرپرسیارێتی حکومەت لە بەرامبەر هاوڵاتیان. پرسیاری سەرەکی لە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی گشتیدا بریتییە لەوەی کە ئەو ئامانجانەی کە دەستەبەر کراون ئەو تێچوونە دێنیت کە بۆ سیاسەتەکە تەرخانکراوە. کەواتە لە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی گشتیدا نە تەنیا سەرکەوتن لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکە گرنگە، بەڵکو ڕادەی مەشروعیەتی خودی سیاسەتەکەش گرنگە.

**خەسڵەتەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن (خصائص عملية التقييم):-**

- هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی سیستێماتیک و نەزمدارە، واتە چالاکیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو و ئامانجدارە.
- هەڵسەنگاندن کۆکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بە پرسیارەکانی گرێدراو بە کۆمەڵگا بە گشتی و سیاسەت بە تایبەتییە .
- هەڵسەنگاندن پرۆسەی بەهێزکردنی زانستی سیاسەت دارشتن و بڕیار دەرکردنە.

هەندی لە پێناسەکانی هەڵسەنگاندنی سیاسەتی گشتی، هەڵسەنگاندنی ئامانجەکان بە پرۆگرامەکان و سیاسەتەکانەوە گرێ دەدەن. بەڵام زۆرجار ئێمە نازانین کە ئامانجەکان چین و هەروەها هەندێ سیاسەت لەبری بەدیهێنانی ئامانجەکان دەبنە هۆی وروژاندنی ململانێکان، هەربۆیەش لە هەڵسەنگاندنی سیاسەتە گشتییەکاندا لەبری تیشک خستنە سەر دەرەنجامەکان باشترە تیشک بخرێتە سەر کاریگەرییەکانی سیاسەتی گشتی.

کاریگەرییەکانی سیاسەتی گشتی بریتین لە گشت ئەو کاریگەرییانەی کە لەسەر دۆخی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێت. ئەم کاریگەریانەش بریتین لە:-

- کاریگەری سیاسەتی گشتی لەسەر گروپ یان دۆخی بەئامانجگیراو.
- کاریگەری سیاسەتی گشتی لەسەر ئەو گروپ یان دۆخەی کە بە ئامانج نەگیراوە.واتە مەبەستی سیاسەتی گشتی ئەم گروپ و دۆخە نەبووە.
- کاریگەری سیاسەتی گشتی لەسەر داهاتوو و دۆخی ئێستا .
- تێچوونە ڕاستەوخۆییەکان. واتە ئەو سەرچاوانەی کە بۆ بەدیهێنانی سیاسەتە گشتییەکە تەرخانکراوە.

- تێچوونە ناڕاستەوخۆیەکان. واتە ئەو دەرفەت و پارەیەی کە ئەگەر بۆ ئەم سیاسەتە تەرخان نەکرابا دەکرا بۆ بۆ بەدیهێنانی ئامانجیتر تەرخانکرابا .

کەواتە لە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی گشتیدا گشت سوود و تێچووەنەکانی ئیستا و داهاتوو دەبێ رەچاو بگیرێن .

***هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکان، لەبری هەڵسەنگاندنی دەرهاوێشتەکان (تقييم التاثيرات بدلا من تقييم المخرجات):-**

کاریگەری سیاسەتی گشتی (Policy Impact)هەمان دەرهاوێشتەی سیاسەتی گشتی نییە( Policy Output)، هەڵسەنگاندنی کاریگەری سیاسەتی گشتی، تەنیا سنوردار نییە بە پێواندنی چالاکییەکانی حکومەت. بۆ نموونە، حکومەت چەند دینار بۆ هەر قوتابیەک تەرخان دەکات، یاخود چەند بودجەی بۆ کەرتی تەندروستی تەرخان کردووە، یاخود مووچەی بۆ چەند هەزار خاوەن پێداویستی تایبەت تەرخانکردووە. ئەمانە بریتی نیین لە کاریگەرییەکانی سیاسەتی گشتی لەسەر ئەم گروپە بە ئامانجگیراوانە، بەڵکو ئەمانە بریتین لە چالاکی حکومەت، واتە ئەمانە بریتین لە دەرهاوێشتەکانی حکومەت. زۆرجار حکومەت داتا و زانیاری دەخاتەڕوو سەبارەت بەو چالاکیانەی کە ئەنجامیداوە، بۆ نموونە، چەند قوتابخانە یان خەستەخانەی کردۆتەوە یاخود چەند بەنداوی دروست کردووە، یان چەند پاسی دابین کردووە، یاخود چەند تاوانباری دەستبەسەر کردووە یان چەند قوتابی وەرگرتووە. گشت ئەم داتانە زانیاریی کەمیان سەبارەت بە رێژەی هەژاری، ئاست و رێژەی تاوان، یاخود دەستکەوتەکانی کەرتی پەروەردە و تەندروستیمان پێدەبەخشن. لە سیاسەتی گشتیدا بەم جۆرە خستنەڕووی داتانە دەگوترێت ''باقلە ژماردن"( Bean Counting)کاتێک کە سیاسەتێکی گشتی ڕوون دەکەینەوە یاخود وەسفی سیاستە گشتییەکە دەکەین، خستنەڕووی ژمارە و داتاکان گرینگە، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی کاریگەری سیاسەتی گشتیدا ( Assessing Policy Impact)دەبێ ئەو گۆڕانکاریانە هەڵبسەنگێندرێن کە لە دەرەنجامی چالاکییەکانی حکومەتدا بەدیهاتوونە.

***گروپە بە ئامانجگیراوەکان (Target Group)**

گروپە بە ئامانجگیراوەکان، ئەو بەشەی کۆمەڵگان کە سیاسەتێکی گشتی لە پێناویاندا دادەرێژێت و جێبەجی دەکرێت، بۆ نموونە، هاوڵاتیانی بێ خانوو. خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، نەخۆشەکانی شێر پەنجە، یاخود کۆی گشتی کۆمەڵگا. بۆ ئەوەی کە سیاسەتێک بەسەر ئەم گروپانەدا جێبەجێ بکرێت، سەرەتا پێویستە گروپە بە ئامانجگیراوەکان، دەستنیشان بکرێن و دواتر ئەو سیاسەتەی کە پێویستە دابرێژرێت. بۆ نموونە، مەبەست لە سیاسەتەکە بریتییە لە باشترکردنی رەوشی جەستەی، ئابوری و کۆمەڵایەتی گروپە بە ئامانجگیراوەکە یاخود مەبەست گۆڕانکاریکردنە لە ئاستی رۆشنبیریی، رەفتار و ڕوانگەی گروپە بە ئامانجگیراوەکە. بۆ نموونە کاتێک کە سیاسەتێک دادەرێژرێت بۆ بەشداریی کردنی ئافرەت وەک هێزی کار لە کەرتی گشتی و تایبەتیدا، سەرەتا پێویستە سیاسەتێک دابڕێژرێت کە ڕوانگە و کولتوری گشتی کۆمەڵگا سەبارەت بە پرسی کارکردنی ئافرەت بگۆرێت. یاخود لەوانەیە داڕشتنی سیاسەتێک چەندین ئامانجی هەبێت کەواتە لەم کاتەدا ئەولەویات و کاریگەرییە جیاوازەکانی ئەم سیاسەتە چین .یاخود کاریگەرییە رەچاونەکراوەکانی سیاسەتەکە لەسەر ئەم گروپە چین .

- **گروپە بە ئامانج نەگیراوەکان (Not Target Groups)**

گشت سیاسەتێکی گشتی کاریگەری بەسەر چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا دروست دەکات .دیاریکردنی گروپە بە ئامانج نەگیراوەکانی سیاسەتێک کارێکی سەختە. بۆ نموونە، کاریگەری سیاسەتی خۆشگوزەرانی بەسەر چینە ناهەژارەکانی کۆمەڵگادا چییە؟ واتە بەسەر بیرۆکراتە پلە باڵاکانی حکومەت، سیاسەتمەدارە لۆکالییەکان، فەرمانبەرانی کاری کۆمەڵایەتی، پزیشک و پەرستارەکان و گروپەکانیتری کۆمەڵگا؟ کەواتە زۆر جار کاریگەریی سیاسەتی گشتی بەسەر گروپە بە ئامانج نەگیراوەکاندا هەم بەرژەوەندی هەیە و هەمیش تێچوون. بۆ نموونە، کاتێک کە کەرتی پەروەردەی گشتی بە خۆڕایی دەکرێت، ئەگەر چی ئەم بە خۆڕایکردنە بۆ گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگادایە، بەڵام هاوکات، پەروەردەی بەخۆڕایی بۆ چینی دەوڵەمەندیش دابین دەکرێت کە ئەمەش تێچوونەکانی ئەم سیاسەتە زۆرتر دەکات.